له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئامۆژگاریکردن

## و بنەماکانی لە ئیسلامدا

لەگەڵ پوچەڵ کردنەوەی شوبهەی ئاژاوەگێرە چەواشەکارەکان

وتارێکی مامۆستا

**(عبداللطيف أحمد مصطفى أمين)**

**کە لە کۆڕێکی گشتیدا پێشکەشی کرد لە شاری کەلار**

**دەنگەکە کراوە بە نوسین لەلایەن پێشکەشکاری کۆڕەکە (هیوا زیرەك)**

---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

(بسم الله وحده والصلاة والسلام على من لانبي بعده)

ئەو بابەتەی کەدەمەوێ لەخزمەتی ئێوەی بەڕێزدا باسی بکەم کە داواکارم لەخوای پەروەردگار ببێتە مایەی سودمەندی بۆهەموو لایەکمان بۆدین و بۆ دواڕۆژیشمان، بریتی یە لەئامۆژگاریکردن و بنەماکانی ئامۆژگاریکردن لەدینی ئیسلامدا.

## مانای ئامۆژگاری

ئامۆژگاری لەزمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (النصيحة)(١)،

وشەی نەسیحەت ئێمە لەکوردی خۆماندا مانایەکمان بۆداناوە کەپێی دەڵێین (ئامۆژگاری) بەڵام (نصح) لەزمانی عەرەبیدا بەمانای (خلوص) دێت، کە دەوترێت (عسل ناصح) واتە: (هەنگوینی خالص (پوخت و بێ خڵتە).

کەواتە نوصح کردن بریتی یە لەچی ؟ بریتی یە لەئیخلاصی نواندن بۆ ئەوەی کەتۆ نوصحەکەی دەکەی، بۆیە (إبن الأثير) لە لێکدانەوەی مانای نەسیحەتدا

---

(١) ((وهي مأخوذة من نصحت العسل إذا صفيته من الشمع شبهوا تخليص القول والفعل من الغش بتخليص العسل من الشمع)) النقول الصريحة شرح حديث الدين النصيحة – (١ / ٦٧)

دەفەرموێ : (إرادة الخير للمنصوح له)، واتە " نەسیحەت ئەوەیە کەتۆ خەیرت بۆئەو کەسە بوێت کەتۆ نەسیحەتی دەکەیت بەخالسی ".

## پلەوپایەی ئامۆژگاری لە ئیسلامدا

(نەسیحەت) یاخود ئامۆژگاری پلەیەکی زۆر مەزنی هەیە لەدینی ئیسلامدا، بەڵگەش لەسەر ئەوە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەفەرموودەیەکدا فەرمووی : ((الدين النصيحة : قالوا لمن يا رسول الله ؟ قال لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)) (حديث تميم ألداري، رواه مسلم). واتە " دین بریتی یە لەئامۆژگاریکردن".زانایانی زمانی عەرەبی دەڵێن : (ئەگەر ڕستەیەك هەردوو بەشەکەی (معرفة) بوو ئەوا ئیفادەی (قصر) دەکات). (الدين) مەعریفەیەو (النصيحة)ش مەعریفەیە، کەواتە وەکو ئەوە وایە بفەرموێت (ما الدين إلا النصيحة) واتە " دین هیچ شتێك نیە تەنها نەصیحەت نەبێت"، دین یەك شتە ئەویش بریتی یە لەنەسیحەت، کەدین کۆبکرێتەوەو کورت بکرێتەوە، ئەو دینەی کەوا هەرکەسێك بیبێت دەچێتە بەهەشت و هەرکەسێك نەیبێت دەچێتە جەهەننەم –پەنا بەخوا–، دینیش بریتی بێت لەنەسیحەت، کەواتە نەسیحەت پلەیەکی بەرزی هەیە و نەسیحەت شتێکی زۆر مەزنەو پێویستە ئاگامان لێی بێت، وەبزانین ئێمە تا چ ڕادەیەك نەسیحەت و ئامۆژگاریمان ئاگا لێیە و لەخۆماندا بەجێمان هێناوە،

هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) کەئەم خیتابە کورت و پوختەیان لەپێغەمبەری خواوە بیست (ﷺ) فەرموویان : (یا رسول الله لمن ؟) (دین نەسیحەتە)

## ئامۆژگاری بۆ کێ؟

بەڵام نەسیحەت بۆ کێ؟ ئامۆژگاری بۆ کێ ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم).

واتە "

١. نەسیحەت بۆ خودا،
٢. نەسیحەت بۆ کتێبەکەی خوا،
٣. نەسیحەت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)،
٤. نەسیحەت بۆ پێشەوایانی موسوڵمانان و
٥. بۆ تێکڕای موسوڵمانان ".

# نەسیحەت بۆ خوا(١)

بەڵام ئایا ئامۆژگاری خودا دەکرێت ؟ چۆن پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی پێش هەموو یەکێك و پێش هەموو شتێك نەسیحەت بۆ خوا ؟ چۆن ئامۆژگاری بۆخوا ؟ ئایا ئەوەیە بڵێین خوای پەروەردگار وابکە چاکە و وامەکە چاکە والعیاذ بالله. نەخێر، وتمان ئەصلی کەلیمەی نوصح بەمانای (خلوص وأخلاص) دێت، ئیمامی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت: نەسیحەت بۆ خوا بریتی یە لەوەی (أن تصف اللهَ بما له أهل) واتە: "ئەوەیە کەتۆ وەسفی خودا بکەیت بەو سیفەتانەی کەشیاوی خۆیەتی و خوای گەورە شایستەیەتی".

---

(١) قال المناوي: (( النصح (لله) بالإيمان به ونفي الشريك ووصفه بجميع صفات الكمال والجلال وتنزيهه عن جميع ما لا كمال فيه وتجنب معصيته والحب والبغض فيه والاعتراف بنعمته وشكره عليها والشفقة على خلقه والدعاء إلى ذلك، فمن النصيحة لله أن لا تدخل في صفاته ما ليس منها ولا تنسب إليه ما ليس له برأيك فتعتقده على خلاف ما هو عليه فإنه غش، والأشياء كلها بخلاف الباري تعالى لأنها محدثة وهو قديم وجاهلة وهو عليم وعاجزة وهو قدير وعبدة وهو رب وفقيرة وهو غني ومحتاجة إلى مكان وهو غير محتاج إليه فمن شبهه بشئ من خلقه فقد أدخل الغش في صفاته ولم ينصح له ومن أضاف شيئا إلى المخلوقات مما هو عليه فقد غشها)) فيض القدير (٢/٤١٥)
وقال الخطابي النصح (لله) ((أي بالإيمان وصحة الاعتقاد في وحدانيته وترك الإلحاد في صفاته وإخلاص النية في عبادته وبذل الطاقة فيما أمر به ونهى عنه والاعتراف بنعمته والشكر له عليها وموالاة من أطاعه ومعاداة من عصاه وحقيقة هذه الإضافة راجعة إلى العبد في نصيحة نفسه لله والله غني عن نصح كل ناصح كذا)) النقول الصريحة شرح حديث الدين النصيحة – (١ / ٦٧)

بەوە وەسفی خوای گەورە بکەیت چۆن خوای گەورە وەسفی خۆی کردووە، چونکە کەسێك خوای پەروەردگار نەناسێت بەناوو سیفاتە بەرزو جوانەکانی، ئەوا خوای گەورەی نەناسیوە، بۆیە گروپێکی گومڕا هەبوو لەڕابردووی ئەو ئوممەتە ئیسلامیەدا کەپێیان دەوترا (جەهمیەکان) هەرچی ناوو سیفاتی خوای پەروەردگار هەیە نەفیان دەکردو نەیان دەهێشت و لایان دەدا، بۆیە دەڵێن : (**المعطلة يعبد عدما**)، واتە " ئەوەی سیفەتی خوای پەروەردگار ناهێڵێت ئەوا نەبوویەك دەپەرستێت " چونکە هەر زاتێك کەسیفەتی نەبوو زاتیشی نابێت، بۆنمونە، بوتڵێکی ئاوی کانزایی بەڵگە چی یە لەسەر بوونی ؟ بەڵگە لەسەر بوونی سیفاتەکانێتی، دەتوانین وەسفی بکەین بەچەند سیفاتێك، قەبارەیەکی هەیە ئەوەندە لیتر ئاو دەگرێت، ڕەنگەکەی بەو شێوەیەیە، سەرێکی هەیە، شکلێکی ئاوەها درێژی هەیە، کەواتە هەیە، لەبەرامبەریشدا بلێی بوتڵێکی ئاو هەیە بەڵام ئاو لەخۆی ناگرێت، قەبارەی نیە، بەرزی نیە، سەری نیە، هیچ شێوەی نیە، بەهیچ شێوەیەك وەسفی مەهێڵە، کەواتە نیە، نەبووە شتی وا، (جەهمیەکان) هەرچی ناوو سیفاتی خوای پەروەردگار هەیە نەیانهێشت، زانایان فەرموویان کەواتە ئێوە چی دەپەرستن ؟ ئێوە خوا ناپەرستن، چونکە خواتان نەهێشت.

کەواتە یەکەم نوصح و (إخلاص) بۆ خوا هەرچی ناوو سیفەتی خوای پەروەردگار هەیە لە قورئان و لەحەدیسی صەحیحدا تۆ بۆ خوای پەروەردگاری إثبات بکەیت.

دووەمیان (خضوع) و مل کەچیت هەبێت بۆ ئەو خوایە.

کەسێك کە خوای پەروەردگاری ناسی بەناوو سیفاتە جوانەکانی بەگوێرەی ئەو ناوو سیفەتانەی ئەو ئینسانە بەندایەتی بۆ ئەو خوایە دەکات، کەسێك خالق بێت ڕازق بێت جەبار بێت....هتد،ئەو هەموو سیفەتانەی هەبێت بێگومان ئینسان خۆشی دەوێت وە لێی دەترسێت، وەپشتی پێ دەبەستێت، وە تەنها ئەو دەپەرستێت و ڕوو لەکەسی تر ناکات، ئەوە نوصحە بۆ خودا، خودا وەکو خۆی بیناسیت و وەکو خۆی بیپەرستیت چۆن خۆی دەیەوێت، هەروەها شەریکی بۆ دانەنێیت، ئەو کەسەی کە لەگەڵ خودا غەیری خودا دەپەرستێت ئەوا نوصحی بۆ خودا نیە، ئەو کەسە ئیخلاصی نیە بۆ خودای پەروەردگار، بۆیە هەرچی پێغەمبەر هاتووە بەبانگەوازی (ئیخلاص)ـەوە هاتووە، بەو دەعوەیەوە هاتووە کە خەڵکی تەنها خواپەرستێت بەخالص، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ﴾.( البينة : ٥ )

واتە " ئوممەتانی پێش ئەو ئوممەتەش فەرمانیان پێنەکرابوو ئیللا بەوە نەبێت کە تەنها خواپەرستن، بەڵام چۆن ؟ (مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ)، واتە " بەخالصی بیپەرستن بەبێ شەریك و هاوەڵ و هاوبەش بۆدانان ".ئەوەی کەباسکراو خرایە ڕوو نەصیحەت بوو بۆ خودا بەشێوەیەکی کورت و پوخت.

# ئەی نەصیحەت بۆ کیتابەکەی خودا بریتی یە لەچی[1] ؟

نەصیحەت بۆکیتابەکەی خوا ئەوەیە کەتۆ فێری خوێندنەوەی ببیت، هەقی خۆی بدەیتێ، لەماناکەی وردبیتەوەو تێبفکرێی، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الآلْبَابِ ﴾.(ص : ٢٩).

واتە " ئەو قورئانە کە کیتابێکی موبارەکە هەقی لەسەر هەموومان ئەوەیەلەمانای ئایەتەکانی وردبینەوەو بۆئەوەی لێی حاڵی بین و تێی بگەین و ئیشی پێبکەین "، وە هەروەها بەهۆی ئەو کتێبەوە بەختەوەری بۆخۆمان و بۆ خەڵکیش بەدەست بهێنین، وە بەهۆی ئەو کتێبەوە هەوڵ بدەین خەڵك لەتاریکی یەکانی کوفرو شیرك و نیفاق و گومڕایی دەربهێنین بۆ ڕوناکی تەوحیدو هیدایەت و تەنها خواپەرستی، بەهۆی ئەو کتێبەوە کە خودای پەروەردگار بۆچی داییبەزاند ؟ بۆئەوە داییبەزاند ﴿ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ ﴾.(إبراهيم : ١)

---

[1] قال المناوي: (((ولكتابه) مفرد مضاف فيعم سائر كتبه وذلك يبذل جهده في الذب عنه من تأويل الجاهلين وانتحال المطلين بالوقوف عند أحكامه)) فيض القدير (٢/٤١٥).

((والنصيحة لكتابه بالإيمان به وبأنه كلام الله ووحيه وتنزيله لا يقدر على مثله أحد من المخلوقين وإقامة حروفه في التلاوة والتصديق بوعده ووعيده والاعتبار بمواعظه والتفكر في عجائبه والعمل بمحكمه والتسليم بمتشابهه ذكره الخطابي وقيل هو أن يكرمه ويبذل مجهوده في الذب عنه من تأويل الجاهلين وابتهال المبطلين)) النقول الصريحة شرح حديث الدين النصيحة – (١ / ٦٨)

# نوصحمان بۆ ئەو کتێبە کە کتێبی خودایە چی یە؟

نوصحمان بۆی ئەوەیە کە تەحریفی تێدا نەکەین و گۆڕانکاری تێدا نەکەین، وە زیادەڕەوی و کورتڕەوی تێدا نەکرێ نەك لەتەنها وشەکانی کەبۆت ناکرێ، بەڵام لەماناکەشی دا نەکرێ، لەحەدیسێکی صەحیحدا پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی :(إن منكم من يقاتل على تأويل هذا القرآن كما قاتلت على تنزيله).(السلسلة الصحيحة : ٢٤٨٧).

واتە " لەداهاتوودا کەسێك دێت لەئێوە کوشتار دەکات و دەجەنگێت لەسەر تەئویل و لێکدانەوەی هەڵەی ئەم قورئانە جەنگ دەکات دژی کەسانێك کە ئەم قورئانە بەهەڵە لێك دەدەنەوە، هەروەکو چۆن من ئەمڕۆ جیهادم کرد دژی ئەو کەسانەی کەئینکاری دابەزینی قورئانیان دەکرد "، (يقاتل على تأويل هذا القرآن كما قاتلت على تنزيله) هەروەکو چۆن من ئەمڕۆ کوشتاری کەسانێکم کرد کەباوەڕیان بەدابەزینی قورئان نیە، یەکێك لەئێوە دێت کوشتارو جیهاد دەکات لەسەر ئەوە نا کە کەسانێك دژایەتی دابەزینی قورئان دەکەن و باوەڕیان بەدابەزینی قورئان نەبێت، نەخێر، باوەڕیان بەوە هەیە، بەڵام تەئویلی قورئان و لێکدانەوەی قورئان بەهەڵە دەکەن، کەسێك دێت لەئێوە جیهادێکی ئاوەها بەشەرەف و بەرزی بەنسیب دەبێت، ئەو هاوەڵەی کە ڕاوی ئەم فەرموودەیە فەرمووی :( فاستشرفنا وكان فينا أبو بكر وعمر فقال : لا، وكان خاصفا : نعم :

فأشار إلى علي بن أبي طالب)، ئەفەرموێ هەریەکێك لەئێمە حەزی کرد ئەو شەرەفە بەنسیب ئەو بێت، وتمان دەبێت کێ بێت ئەو شەرەڤی جیهادەی بەنسیب بێت لەسەر تەئویلی قورئان ؟ چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشبیهی کرد بەجیهادەکەی خۆی، چۆن جیهادی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەق بوو لەسەر دابەزین، ئاوەها جیهادی ئەو کەسە هەق دەبێ لەسەر تەئویل (لێکدانەوە).

بۆیە ئەفەرموێ : حەزمان کرد بزانین کێیە ؟ أبو بکرو عومەریشمان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : هیچ کەسێك لەئێوە نیە بەڵکو عەلی کوڕی ئەبی تالّیبە (خوای لێ ڕازی بێت).

عەلی کوڕی ئەبی تالّیب (ڕەزای خوای لێبێت) کام جیهادەی کرد ؟ جیهادی خەواریجەکانی کرد کە تەئویلی قورئانیان بەهەڵە کرد، کە ئایەتەکانی قورئانیان بەهەڵە کرد، ئایەتەکانی قورئانیان بەو شێوەیە لێك نەدایەوە کە هاوەڵان لێکیان دایەوە، ئەو شەرەفە، شەرەڤی ئەو جیهادە بەرزە بەنسیبی (علی کوڕی ئەبی تالّیب) بوو، بەڵام پێش ئەوەی جیهادیان بکات عبداللە ی کوڕی عەباسی نارد بۆلایان (ڕەزای خوای لێبێت) ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، عبداللە چوو بۆلای خەواریجەکان و فەرمووی : (جئتكم من عند أصحاب رسول الله، وليس فيكم من صحب رسول الله)، فەرمووی : (تەنها یەك بەڵگە بەسە بۆئەوەی کە ئێوە بزانن لەسەر ناهەقن و عەلی لەسەر هەقە، من لەلایەن کەسانێکەوە هاتووم کە هاوەڵێتی

پێغەمبەری خودایان کردووە (ﷺ)، بەڵام هیچ کەسێك لەئێوە نیە هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبێت (ﷺ).

کەواتە تێگەیشتنی ڕاست بۆ قورئان لای کەسانێکە کە هاوەڵێتی پێغەمبەری کردووە (ﷺ) ؟ یان لای کەسانێکە کە هاوەڵێتی پێغەمبەریان نەکردووە (ﷺ)، بێگومان لای هاوەڵانە (صەحابە)یە، وە بۆی ڕونکردنەوەو ئەو ئایەتانەی بەهەڵە تەئویلیان کردبوو وە لێی حاڵی ببوون بۆی ڕونکردنەوە، خەڵکێکی زۆریان خوای گەورە هیدایەتی دان و ئەوەشیان کە نەگەڕایەوە علی کوڕی ئەبی تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) جیهادی کردن و ئەو جیهادە بەشەرەفەی بەنسیب بوو، لەو ئەسەرە ئەوە فەهم دەکرێ کە هەر کەسێك بیەوێ لەقورئان شارەزا بێت و تێبگا بەتێگەیشتنی صەحابە سەرفراز دەبێت، خوای گەورە دەیپارێزێت لەگومڕابوون و لادان، هەرکەسێك قورئان تەفسیر نەکات وەکو تەفسیری صەحابە بێگومان گومڕا دەبێت و وەکو خەواریجی لێدێت، بەشێوەیەکی تر تەئویل بۆ قورئان دەکات.

بێینەوە سەر نوصح بۆ کتێبەکەی خودا، نەصیحەت بۆکتێبەکەی خوا ئەوەیە کە تۆ دژی هەموو تەحریفێك بوەستیت، هەر گۆڕانکاری یەك بۆ ئەو قورئانە بکرێت تۆ قبوڵی نەکەیت، هەروەکو ئیمامی (إبن عبدالبر)و غەیری ئەویش تەحسینیان کردووە،پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (يحمل هذا العلم من كل خلف عدوله ينفون عنه تحريف الغالين وانتحال المبطلين وتأويل الجاهلين).(صححه الألباني في المشكاة ألمصابيح : ٢٤٨)

## کێ ئەم عیلمە - عیلمی قورئان و سوننەت - هەڵدەگرێ ؟

ئەو عیلمەی کە میراتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کەسێك هەڵی دەگرێ کە زانایەکی عەدل وباشە، کە جێگەی باوەڕە (يحمل هذا العلم من كل خلف عدوله).

## کاتێك هەڵی گرت کاری چی دەبێت

## بێ دەنگی، یاخود ئامۆژگاری و فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپەو ڕەتدانەوەی لادەران ؟

کەسێك ئەو عیلمەی هەڵگرت کاری ئەوە نیە بێ دەنگ بێت لەسەر لادان وهەڵەی برایانی موسوڵمان، کە بلێین خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾،(الحجرات : ١٠) واتە " بڕواداران برای یەکترن "، کەواتە بڕوادار هەر هەڵەیەکیش بکات بەناوی دینەوە، براتە قەیناکا، نەخێر، ئێمە دوو شتمان هەیە:

١. برایانمان : ئەوەی کەئیماندار بێت برامانە،

٢. وە دینەکەشمان، دینەکەمان لەخۆشمان و لەهەموو برایانمان بەلامانەوە بەعیززەت ترو لە پێش ترە، موسوڵمان دەبێت خۆیشی لەپێناو خوادا بۆ پاراستنی ئەو دینە ببەخشێت، کەواتە دینی خوا خۆشەویستترە لامان لە خۆشمان و لە غەیری خۆشمان لە برایانمان،

برایەتیت لەگەڵ ئیماندار ئەوە ناگەیەنێت کەتۆ هەڵە لەدیندا قبولْ بکەیت و چاوپۆشی لەئینحیراف و غەڵەت بکەیت، نەخێر ئەوە لەدیندا قبولْ نیە، بەڵام کەسێك کەتووشی هەڵە بوو لەئەهلی سوننەو جماعەت بوو زانایەك بوو خاوەنی ئیجتیهاد بوو بەهەڵە تووشی هەڵە بوو، دەبێت مەقامی خۆی بپارێزرێت و ڕێزی خۆی بگیرێت، بەڵام هەڵەکەشی قەبولْ ناکرێت، ئەمما کەسێك کە ئەهلی ئەهوائو بیدەع بێت ئەوە (فلا كرامة)، بۆچی ؟

چونکە ئەصلی مەبدەئی لەسەر مەنهەجی صەحابە بەرپا نەبووە، کەواتە ئەو کتێبە پێویستی بەوەیە کە:

١. یەکەم شت (يَنْفون عنه تحريف الغالين)، ئەو کەسانە بەڕاستی میراتگری پێغەمبەری خوان (ﷺ) ئەم دینە هەڵدەگرن کە گۆڕانکاری زیادەڕەوان لەو دینە لادەدەن و ڕای دەماڵن، هەر زێدەڕەوی یەك بخرێتە ناو دین ئەوان نەفی دەکەن، دەڵێن خەڵکینە وریابن ئەو زێدەڕەوی یە لەدیندا نیە، مەڵێ ئاخر ئەوە برامە زیادەڕەوی یەکەی کردووە، با وانەڵێم دەنا فلانە کەس دڵی پێی خۆش دەبێت، ئەگەر جولەکەو گاوریش دڵیان پێ خۆش بێت نابێت ئیقراری باتڵ لەدیندا بکرێت، باتڵ باتڵەو خوای گەورە قبولْ ناکات ئیقراری بکرێت، ئەوە ناهەقە، جا هەر ئیشێك کەتۆ بیکەیت کەخوا پێی خۆش بێت بەڵام تەرەفێك لەئەتراف ئەحزابی شەیتانیش پێی خۆش بێت، نابێت تۆ بڵێی وەڵا من نایکەم چونکە فلانە کەس پێی خۆشەو دەیقۆزێتەوە، هەر کەسێك بیقۆزێتەوە ئیشی من ئەوە نیە، ئیشی من

ئەوەیە خوا ڕازی بێت و دینەکەی خوا وەکو خۆی بمێنێت، (ینفون عنه تحريف الغالين) (الغالين) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زێدەڕەون سوننەتێك لەخەڵك دەکەن بەواجب، مەکروهێك لەخەڵك دەکەن بەحەرام، حەرامێك لەخەڵك دەکەن بەکوفرو شیرك، بەتاوانێك خەڵك لەدین دەبەنە دەر، بەتاوانێك خوێنی خەڵك حەڵاڵ دەکەن، ئەوە زێدە ڕەوی یە قبوڵ نیە لەدیندا، وە زێدەڕەویش خزمەت بەدینی ئیسلام ناکات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو)، (إنما): ئەداتی حەصرە، تاکە سەبەبێك ئوممەتانی پێش ئێوەی لەناو برد زیادەڕەوی بوو (الغلو)،کەواتە دڵمان بەزێدەڕەوی خۆش نەبێت لەخۆماندا بێت یان لەبرایەکی ترماندا بێت، زیادەڕەوی ئاکامی خراپی هەیەو زەرەر لەموسوڵمانان دەدات، ئەو سێ کەسەی هاتنە ماڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە پوختەی فەرموودەکە بەو جۆرەیە، عن أنس بن مالك رضي الله عنه يقول: جاء ثلاثة رهط إلى بيوت أزواج النبي صلى الله عليه وسلم يسألون عن عبادة النبي صلى الله عليه وسلم فلما أخبروا كأنهم تقالوها فقالوا وأين نحن من النبي صلى الله عليه وسلم قد غفر له ما تقدم من ذنبه وما تأخر قال أحدهم أما أنا فإني أصلي الليل أبدا وقال آخر أنا أصوم الدهر ولا أفطر وقال آخر أنا أعتزل النساء فلا أتزوج أبدا فجاء رسول الله صلى الله عليه وسلم إليهم فقال أنتم الذين قلتم كذا وكذا أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له لكني أصوم وأفطر وأصلي وأرقد وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني).

واتــە" لــە ئەنەســی کــوڕی مالیکــەوە (ڕەزا خــوای لێبێــت) دەگێڕنــەوە کــە فــەرمووی" ســێ کۆمــەڵ لــەهاوەڵانی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ســەردانی مــاڵی پێغەمبەری خوایان کردو پرسیاریان لە خێزانـەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـرد دەربارەی عیبادەت و پەرستشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك وەڵامیان درایـەوە ئەوانیش بەشێوەیەکی کـەم لەقەڵەمیانـداو تێیـان ڕوانـی وە وتیـان ئێمـە لـەکوێین کەکاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورە لەتاوانەکانی پـێش و پاشـی خـۆش بووە، بۆیە کەسێك لەوان وتی مـن شـەوان شـەو نوێـژ دەکـەم و نـانووم کەسـێکی دیکەیان وتی من بەڕۆژوو دەبم و بەهیچ شێوەیەك نایشکێنم وە یـەکێکی دیکـەیان وتی من واز لەئافرەت دەهێنم و هەرگیز ژن ناهێنم، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێیان گەیشت و پێی فەرموون ئێـوە بـوون بـەو شـێوەیە قسـەتان دەکـردو واتـان دەوت؟ سوێند بەخوا من لەئێوە زیاتر لەخودا دەترسێم و زیاتریش تەقوای دەکەم لەگەڵ ئەوەشدا من بەڕۆژوو دەبم و ڕۆژووش دەشکێنم نوێژیش دەکەم و پشـووش دەدەم وە ژنیش دەهێنم بۆیە هەرکەسێك حەز لەسوننەتی من نەکات و لەسوننەت و ڕێبازی من لابدات ئەوا لەمن نیە".

لەسوننەت لادانەکە بەرەو چی بوو ؟ بێگومان بەرەو زیادەڕەوی (**الغلو**) بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قبوڵی نەکردو فەرمووی : ئەوە لادانە لەسوننەتی من، وە هەرکەسێکیش لەسوننەتی من لابدات ئەوە لەمن نیە، بۆیە نەیفەرموو دەستان خۆش بێت بەڕاستی پیاوی چاکن، بەڕاستی هاوەڵی بەڕێزی منن و عیبادەتتان زۆر

چاکە، نەخێر، وای نەفەرموو، چونکە زیادەڕەوی سەردەکێشێ بۆ هەلاکەت (لەناوچوون)، ئاکامی زیادەڕەوی بوو (عبدالرحمن کوڕی مەلجەم) کە یەکێك بوو لەو کەسانەی (عمری کوڕی خەتتاب) لەسەردەمی خۆیدا ناردی بۆ میسر بۆئەوەی خەڵکی فێری قورئان خوێندنەوە بکات، یەکێکە لەو کەسانەی کەئیمامی (ألذهبي) لەکتێبی (سير أعلام ألنبلاء)دا باسی تەرجەمەی ئەو پیاوە دەکات، دەفەرموێت پیاوێك بوو شەو نوێژی دەکرد، پیاوێك بوو ڕۆژووی سوننەتی دەگرت، پیاوێك بوو زمانی لەیادی خوا نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بەکافر داناو شەهیدی کرد، کاتێك دەست و قاچیان بڕییەوەو گەشتنە زمانی گریا، خەواریجەکان سیفەتێکیان هەبوو، زۆر بەغیرەت بوون، هەموو کاتێك ئینسان لەحەماسەتەوە دەربپەڕێت غیرەتی هەیە بەڵام بەداخەوە بەزەوابتی شەرع نەبەستراوەتەوە، وتیان تۆ بەغیرەتی بۆ دەگریت ؟ وتی : من لەترسی مردن ناگریم، لەبەر ئەوە دەگریم لەساتی زمان بڕینمەوە تاکو ساتی گیان دەرچوون لەیادی خوا دەکەوم، (تۆ خەلیفەی موسوڵمانانت شەهیدکرد خەمی ئەوەتە یادی خودات پێناکرێ)، سەیری زیادەڕەوی بکەن، بۆیە (سالمی کوڕی عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی خەتتاب) (ڕەزای خوایان لێبێت) عێراقی یەك پرسیارێکی کرد، ئەویش فەرمووی : (يا اهل العراق ما أسئلكم عن الصغيرة، وما أركبكم لكبيرة)، واتە " ئەی ئەهلی عێراق بەڕاستی زۆر عەجیبن، پرسیار لەشتی بچووك دەکەن کەوا خۆتان دەردەخەن زۆر بەتەقواو بەوەرەعن، بەڵام شتی زۆر گەورەش دەکەن

بەخەیاڵیشتاندا نایەت ".لەچی یەوە ئەو قسەیەی گوت ؟ لەقسەکەی باوکی یەوە کاتێك عێراقی یەك پرسیاری کرد دەربارەی خوێنی مێشوولەیەك ئایا پیسە ؟ پیس نیە ؟ ئەویش پێی فەرموو : (یا أهل العراق أهدرتم دم الحسین وتسئلون عن دم البعوضة ؟) واتە " ئەی ئەهلی عێراق ئێوە خوێنی ئیمامی حوسینتان ڕشت و پرسیار لەخوێنی مێشوولەیەك دەکەن ".

کەواتە براگیان ئەو توندڕەوێتی یە سەری کێشا بۆچی ؟ سەری کێشا بۆئەوەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) خەلیفەی موسوڵمانان شەهیدبکرێت، کەواتە دەبێت وریابن براکانم زیادەڕەوی کردن لەدیندا قبوڵ نیەو خزمەت بەدین ناکات، (هلك المتنطعون) ئەو (تنطع)ـە ئیسلام و موسڵمانان بەرەو لەناوچوون دەبات، بەڵام خوای گەورە دینی خۆی هەر دەهێڵێ، کەسێکیش توندڕەو بێت بەهەلاکەتدا دەچێت خوای گەورە هەمووومان بپارێزێت.

کەواتە یەکەم سیفەتی (نوصح) بۆ کتێبەکەی خوا بریتیە لەوەی کە زیادەڕەوی (الغلو) لەو دینەدا نەهێڵرێت، دیفاع لەزیادەڕەوی نەکرێت بەبیانووی ئەوەی ئێمە برای یەکترین، برای یەکترین لەسەر سەرو لەسەر چاو بەڵام دینی خوا لەپێش هەقی تاکە کەسی هەریەکێکمانە.

٢. دووەم شت ئەو کتێبە پێویستی بەوەیە کە (تأویل الجاهلین) ی لێ لابدەین: تەئویل ولێکدانەوەو تەفسیری جاهیلەکان پێچەوانەی تەفسیری ڕاستە، نەزانێك

دێت شتی حەرامت بۆ حەڵاڵ دەکات، دینەکەت ئەوەندە بۆ ئاسان دەکات کە زۆر شت هەیە حەرامەو ئەهلی نیفاق دەیکات ئەویش هەمان شت دەکات و تەئویلێکی بۆ دەبینێتەوەو حەڵاڵی دەکات، ئەوە تەئویلی جاهیلینە، بەو تەئویلە نەخەڵەتێین، دیفاع بکە لەدینی خواو دینی خوا وەکو خۆی بهێڵەوە، ئەگەر بێدەنگ بین چونکە فڵانە کەس وتی، نەخێر، ئەو شتە قبوڵ نیەو دینی خوا لەپێش هەموو شتێکەوەیە.

٣. وە (انتحال المبطلين)[١] ئەو کەسانەی کەشتێك دێننە ناو دینەوەو لەدین نیە، وەکو بیدعەچی یەکان، کە بیدعە لەدینی خوادا دروست دەکات و وا دەزانێت بەوە لەخوای پەروەردگار نزیك دەبێتەوە، نازانێت بەهۆی بیدعەوە (مازداد إلى الله إلا بعدا) چونکە بیدعە ڕێگایەکە غەیری ڕێگای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە بیدعەچی یەکانیش وەکو ئەو سێ کەسە وان کەباسمانکرد، بۆنمونە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدوای نوێژە فەرزەکان زیکری خوای دەکرد، کەسێکی بیدعەچیش دێت بیدعەیەك دەکات و دەڵێت ئێمە ئەو زیکرە قیاسی دەکەین و لەپێش نوێژەکانیش دەیکەین، بۆیە دەپرسین، پێغەمبەر (ﷺ) کردی ؟ نەخێر، ئەی بۆ

---

[١] ((تحريف الغالين) أي المبتدعين الذين يتجاوزن في كتاب الله وسنة رسوله عن المعنى المراد فيحرفونه عن جهته، من غلا يغلو ما إذا جاوز الحد.

(وانتحال المبطلين) الانتحال ادعاء الشيء لنفسه، كادعاء شعر غيره أو قوله : لنفسه، يعني أن المبطل إذا اتخذ قولاً من علمنا يستدل به على باطله أو اعتزى إليه ما لم يكن منه، نفوا عن هذا العلم قوله، ونزهوه عما ينتحله.

(وتأويل الجاهلين) أي معنى القرآن والحديث إلى ما ليس بصواب. والحديث كأنه تفسير لحديث أبي هريرة المتقدم في بعث المجدد. قيل : في قوله : "تحريف الغالين" إشارة إلى التشدد والتعمق، وفي "انتحال المبطلين" إلى الاستحسان وخلط ملة بملة)). مشكاة المصابيح مع شرحه مرعاة المفاتيح – (١ / ٧٨٤)

دەیکەیت ؟ (الزيادة في الخير خير) (زیادە خێر هەر خێرە قەیناکا) ، ئەی بۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو سێ کەسەی نەفەرموو شەونوێژەکەتان زیادە خێرە قەیناکا، تۆ بەبەردەوامی بەڕۆژوی زیادە خێرە قەیناکا، نەخێر، ئەو زیادە خێرە سەر بۆ تاوانە گەورەکان دەکێشێت، تەماشا بکەن (عبدالله ی کوڕی مەسعود) (ڕەزای خوای لێبێت) چی فەرموو کاتێك لەکوفە ئەبی موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێبێت) تەماشای کرد کۆمەڵێك لەمزگەوت دانیشتوون (سبحان الله، ألحمد لله، ألله أكبر) بەبەرد دەکەن و بەردی وردیان پێیەو سەد سەد دەیژمێرن و بەو شێوەیە زیکر دەکەن، پێی سەیر بوو !! لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتی وا نەبووە، هات بۆلای (عبدالله ی کوڕی مەسعود)و لەپێش دەرگاکەی چاوەڕێی کرد تاوەکو (عبدالله) دەرچوو، خوێندکارەکانیشی لەبەردەم دەرگاکەی بوون، کە دەرچوو فەرمووی چی یە؟ فەرمووی ئەی (أبا عبدالرحمن) شتێکم بینی لەمزگەوتی کوفە بەلامەوە سەیر بوو، نەمبینیوە پێشتر لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش فەرمووی : چی یە ئەی ئەبی موسا ؟ فەرمووی : بابڕۆین بزانین، کەهاتە مزگەوت و تەماشای کرد حەلقە حەلقە (بازنە بازنە) دانیشتوون و هەریەکە چەند بەردێکی پێیەو دەیژمێرێ و زیکری خوای پێدەکات، فەرمووی : (ما أسرع هلكتكم) " ئای ئێوە چەندە زوو بەهیلاکەتدا چوون ". خۆ تاکو ئێستا قاپ و قاچاغی پێغەمبەری خوا ماوە (ﷺ) و جل وبەرگەکانی ماوە، دەمێکی زۆر نیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتیکردووە، بۆچی ئێوە وا گومڕا بوون ؟ سوێند بەخوا یان (ئێوە لەسەر ڕێبازێکن لەڕێبازەکەی محمد (ﷺ) باشترە) یان (لەسەر ڕێبازی گومڕایەتین و سەرەتای گومڕایەتیتان دەست پێکردووە)، ئەوانیش وتیان

: (ما أردنا إلا الخير يا أبا عبدالرحمن)، " ئێمە جگە لەخێر هیچ شتێکی ترمان مەبەست نیە " ئەویش پێی فەرموون (وكم من مريد للخير لم يصبه)، واتە " چەندین کەس نیازیان خێربوو بەڵام نەیانپێکا ".

وەکو ئەوە وایە تۆ لێرەوە بڕۆی بۆ بەغدا بەڵام ڕێگای بەغدا شارەزا نەبیت، بەڵام نیەتت سەد دەر سەد بەغدایە، بانیەتیشت هەبێت ئایا نیەت دەتگەیەنێتە شوێنێك کە نەزانیت و ڕێگاکەی شارەزا نەبیت ؟ نەخێر ناتگەیەنێت، جا کاتێك عبدالله ی کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێبێت) ئەوەی فەرموو، ڕاوی بەسەرهاتەکە دەفەرموێت : (ولقد رأيت عامة هؤلاء يطاعنوننا يوم النهروان مع الخوارج)، واتە " زۆربەی زۆری ئەو کەسانەم بینی لەڕۆژی نەهرەواندا صەحابەیان دەکوشت ".

بۆیە ئیمامی (البربهاري) لەشەرحی (سنه)دا دەفەرموێت : (البدعة تبدو صغيرة ثم تعود كبيرة)، واتە " بیدعە سەرەتا کاتێك سەر هەڵدەدات بچووکە بەڵام ئەو بیدعەیە چونکە لەڕێ لادانە وردە وردە گەورە دەبێت و زیاد دەکات و سەردەکێشێت بۆ گومڕایی یەکی گەورە کە خوێنی صەحابە بەحەڵاڵ دانانە ".

کەواتە براکانم (انتحال المبطلين) هەرشتێکی زیادە بهێنرێتە ناو دین نابێت قبوڵ بکرێت و نابێت بیدعەی کەس قبوڵ بکرێت و ڕازی بوونی لەسەر بکرێت، ئەمما شتی تر کە غەیری بیدعەش بهێنرێتە ناو دینەوە بێگومان بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نیە.

یەکێکی تر لە نوصحەکانمان بەرامبەر کتێبەکەی خوای گەورە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموێت : (اقرءوا القرآن وسلوا الله به) (صحيح ألجامع : ١١٦٩)، واتە " قورئان بخوێننەوەو داوای پاداشتی دوارۆژ بکەن واتە داوای بەهەشت بکەن ".چونکە قەومێك دێت (يتعجلونه ولا يتأجلونه)، واتە قەومێك دێت دەیانەوێ بەو قورئانە دونیا بکڕن، دەیانەوێ بەو قورئانە پلەو مەنصەب و پارەیان دەست بکەوێت و قورئانیان بۆ دونیا دەست کەوتنە نەك بۆ ئاخیرەت دەستکەوتن، بەڵێ زۆر کەس لەو جۆرە هەیە، لە پرسەکاندا دادەنیشێت و قورئان دەفرۆشێت بەخەڵك، دەڵێت : ئەوەندەم خوێندووەو بای ئەوەندەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی کرد ؟ ڕازی بوو بەو کردەوەیەتان ؟ صەحابە بەڕێزەکان کردیان ؟ ئەی خوای گەورە نافەرموێت : ﴿لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا﴾. (يس : ٧٠)

واتە " بۆ ئاگادارکردنەوەی زیندووەکانە "، ئەی تۆ ئاگاداری مردوو دەکەیتەوە یان زیندوو ؟ مردووەکە ڕۆیشت تۆ بۆکێی دەخوێنیتەوە ؟ ئەو تازیندوو بوو ئاگای لەقورئان نەبوو دوای مردویی بۆ قورئانی بۆ دەخوێنیت و هەدیەی دەکەیت بۆی ؟ تۆ بەو قورئان خوێندنەت پارە پەیدا دەکەیت، بۆیە ئیمام (سفيان الثوري) دەفەرموێت : قەومانێك هەن، کەسانێك هەن دەیانەوێت بەهۆی قورئانەوە بەرز ببنەوە نەك قورئانیش لای خەڵك خۆشەویست بکەن بەهۆی ڕەوشتی جوانیانەوە "، ئەمە چی دەگەیەنێت ؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کەسانێك نە لەڕەوشتیان وە نە لەعەقیدەیان و نە لەمەنهەجیان موستەقیم و

ڕاست نین، بەڵام ئەو قورئانە دەكاتە چەكێك بەدەست خۆی لەپێش چاوی خەڵكی بۆئەوەی خەڵكی ڕێزی بگرێت و پارەی بداتێ و بیژێنێت، ئەوە دونیا خواردنە بەقورئان ئەوە تاوانێكی گەورەیە خوا بمان پارێزێت، قورئان بەكاربهێنە بۆئەوەی خەڵك بۆلای خوا بانگ بكەیت، بۆئەوەی خەڵك لەدڵیاندا خوایان خۆش بوێت و كیتابەكەی خوداشیان خۆش بوێت و غەیری دینی خوا هیچی تر قبوڵ نەكەن، قورئان بۆئەوە بۆخەڵك باس بكە نەك قورئان فرۆشی بكەیت، ئەوەی كەباسكرا كورتەیەك بوو لەنوصح بۆكتێبەكەی خودا.

## نوصح بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتی یە لەچی[1] ؟

نوصح بۆپێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتی یە لەوەی کەتۆ سەرەتا خۆشت بوێت، وەکو ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆم لەهەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت، جگە لەنەفسی خۆم،پێغەمبەری خواش (ﷺ) پێی فەرموو : ئەی عومەر هێشتا ئیمانت تەواو نیە، ئیمامی عومەریش فەرمووی (ڕەزای خوای لێبێت) تۆ لەخۆشم خۆشتر دەوێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو : ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر.

جا کە خۆشت ویست نیشانەی خۆشویستنی ڕاستەقینە چیە؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ ﴾.(أل عمران : ٣١).

ئەوە ئایەتی تاقیکردنەوەی پیّ دەوترێت، هەرکەسێك وا دەربخات کەخوای خۆش دەوێت ـ زۆریشن ئەو کەسانەی کەوا دەری دەخەن و بانگەشەی بۆ دەکەن ـ خوای گەورە تاقییان دەکاتەوەو مەرجێکیان بۆ دادەنێت، ئەگەر مەرجەکەیان

---

[1] قال المناوي: ((والنصيحة (لرسوله) بالإيمان بما جاء به ونصرته حيا وميتا وإعظام حقه وبث دعوته ونشر سننه والتلطف في تعلمها وتعليمها والتأدب بآدابه وتجنب من تعرض لأحد من آله وأصحابه)) فيض القدير (٢/٤١٥)

والنصيحة لرسوله ((بالتصديق لنبوته وقبول ما جاء به ودعا إليه وبذل الطاعة له فيما أمر به ونهى عنه والانقياد له وإيثاره بالمحبة فوق نفسه وولده ووالده والناس أجمعين)) النقول الصريحة شرح حديث الدين النصيحة – (١ / ٦٨)

تێدابێت ڕاست دەکەن، کە مەرجەکەیان تێدا نەبوو ئەوا درۆ دەکەن، مەرجەکەش بریتی یە لە (فَاتَّبِعُونِي) واتە " شوێن پێغەمبەری خوا بکەون (ﷺ) خوای گەورە خۆشی دەوێن ".

کەواتە هەرکەسێکتان بینی لەعەقیدەو بیروباوەڕ لەمەنهەج و سلوکەکەیدا لەڕەوشت و ئاکاریدا لەدەعوەو بانگەوازیدا لەجل و بەرگ و ڕوکەشیدا شوێنکەوتەی پێغەمبەر بوو (ﷺ) إن شاء ألله پێغەمبەری خوش دەوێت (ﷺ) و خوای گەورەش خۆشی دەوێت، وە هەرکەسێك کە سەیری بکەیت ئەمریکی یەکت بێتە پێش چاو لەشکلەکەی و لەجۆری جل و بەرگەکەی لەجۆری ڕیش تاشینەکەی لەجۆری ملوانکە لەمل کردنەکەی لەجۆری قسەکردن و مەکر کردنەکەی لەهیچ شتێکدا لەپێغەمبەری خوا ناچێت (ﷺ) بزانە درۆ دەکات، ئەگەر باسی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ موسوڵمانان بکات، بۆچی ؟ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَاتَّبِعُونِي﴾.

کەواتە تۆ کوا شوێنکەوتەت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆنمونە نەصێکی صەحیح و صەریح، پێغەمبەری خوا (ما أسفل الكعبين من الإزار ففي النار). (صحيح ألجامع : ٥٥٢٩) واتە " جل و بەرگەکەت ئەگەر لەگوێزنگەکەت (قاپە ڕەقەت) بۆ خوارەوە بوو ئەوا لەناو ئاگرە ".

کوا شوێنی کەوتیت ؟ ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) لەو کاتەدا کە (ئەبو لوئلوئەی مەجوسی) شەهیدی کرد، کە خەلیفەی موسوڵمانان خەریکە گیان لەدەست دەدات، خەڵکی دەهاتن خوا حافیزی لێبکەن، لەو کاتەدا گەنجێك هاتە ژوورەوەو وتی : (شاهێدی دەدەین ئەی خەلیفەی موسوڵمانان ئەمانەتی خودات گەیاند) کە گەڕایەوەو بەرەو دەرەوە ڕۆشت، ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بینی جل و بەرگەکەی درێژە، فەرمووی : بگەڕێوە دواوەوە (إرفع إزارك فإنه أنقى لثوبك وأتقى لربك)، فەرمووی : (جل و بەرگەکەی بەرز بکەوەو کورتی بکەرەوە چونکە پاکێتی یە بۆ جل وبەرگەکەت و نیشانەی تەقواشە لەبۆ خودا)، بەمەرجێك خوێن لەلاشەی ئیمامی عومەر دەڕوات و خەلیفەی ئیمانداران خەریکە نامێنێت، خەمی ئەوە بخوات خەلیفەیەك دابنێ یان جارێ ئەوە جل و بەرگەکەی درێژە، بۆیە نەیفەرموو کەی کاتی ئەوەیە، کەی موشکیلەی موسوڵمانان ئەوەیە، بۆچی موسوڵمانان بەوەوە مەشغول بکەین ؟ بزانە لەو کاتەدا فیقهی صەحابە چۆنە، کە مونکەری بینی لەشوێنی خۆی قسە دەکات.

کەواتە کەسێك گوێ نەداتە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گاڵتەی بەسوننەتەکانی پێغەمبەر بێت (ﷺ)، بەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێت (محمد فەشەلی هێنا لەچەند غەزوەیەکدا)، ئەوە دەبێت بڵێین پێغەمبەری خۆش دەوێت (ﷺ)؟ ئەگەر سەد جاریش وابڵێت دەڵێین درۆ دەکات، بەبەڵگەی قورئان (فَاتَّبِعُونِي)، کەواتە برا بەڕێزەکانم نوصح بۆپێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە کەتۆ

خۆشت بوێت و شوێنی بکەویت، شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوە بە (لەڕوکەش و ناوەوەتدا)، نەك لەڕوکەشدا شوێنی بکەویت و لەدڵتدا نیفاقت هەبێت، پەنا بەخوا، وە سوننەتەکانی ئەو زیندوو بکەرەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : (ما من نبي بعثه الله في أمة قبلي إلا كان له من أمته حواريون وأصحاب يأخذون بسنته ويتقيدون بأمره ثم إنها تخلف من بعدهم خلوف يقولون ما لا يفعلون ويفعلون ما لا يؤمرون) (صحيح الجامع : ٥٧٩٠) واتە " هیچ پێغەمبەرێك نەبوو لەهیچ ئوممەتێك لەپێش من کەخوای گەورە ناردبێتی، ئیللا کەسانێکی هەبووە دەستەی نزیکی خۆی سوننەتی ئەو پێغەمبەرەیان گرتۆتە دەست و شوێنی فەرمانەکانیان کەوتوون، (ثم إنها تخلف من بعدهم خلوف يقولون ما لا يفعلون ويفعلون ما لا يؤمرون)، واتە " دوای ئەوان کۆمەڵانێکی تر دێن کە بانگەشەی خۆشویستنی پێغەمبەرەکەیان دەکەن، کەشتێك دەڵێن و خۆیان ئەنجامی نادەن، کە ئەوە سیفەتی مونافیقەکانە، وە کارو کردەوەیەك دەکەن کە فەرمانیان پێنەکراوە، ئەوەیان سیفەتی کەسانی موبتەدیعە کە عیبادەتیان هەیەو فەرمانیان پێنەکراوە.

کەواتە براکانم (نأخذ بسنته ونقتدي بأمره)، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (کاتێك مێشوولەیەك کەوتە ناو شلەی کەسێکتانەوە با نوقمی بکات، چونکە لەباڵێکی دەرد هەیەو لەباڵەکەی تری دەرمان (شیفا) هەیە).نەڵێین باوەڕمان بەشتی وا نیە، دەبێت بڵێین (صدق رسول الله)، تێی بگەیت و تێی نەگەیت،

دەبێت وتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕاست دابنێیت، وە هەر هەواڵێکی تر کەفەرموویەتی، بۆنمونە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ما رأيت من ناقصات عقل ودين أذهب للب الرجل الحازم من إحداكن).(متفق عليه)، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ناقصاتی عەقڵی ئافرەت و دینی دەکات، نەڵێین پێغەمبەر (ﷺ) گاڵتە دەکات لەگەڵ ئافرەتان، دەنا ئافرەتان ناقیصی عەقڵ و دین نین، نەخێر پێغەمبەرەکەت بەڕاست بخەرەوە، ئەو چی فەرمووە تۆ بەڕاستی دابنێ و بەقسەی بکەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکە بەگوێرەی توانات، وە لەقەدەغەکراوەکانیشی دووربکەوەرەوە، وە شوێن سوننەتەکانی بکەوەو دینەکەی سەربخە، (إن تنصروا الله ينصركم)، بۆیە پێویستە ئێمە دینی خوامان لەخۆمان خۆشتر بوێت و هەوڵی سەرکەوتنی بدەین زۆر زیاتر لەهەوڵی پەیداکردنی پارەو سامان و مەعیشەتی ڕۆژانەی خۆمان، سوێند بەخوا وانەبین ئەوا ﴿سَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ﴾، (سورة المائدة :٥٤)، واتە " خوای گەورە قەومێکی تر دێنێت ئەوان خوایان خۆش دەوێت و خوای گەورەش ئەوانی خۆش دەوێت، بەرامبەر ئیمانداران زەلیلن و بەعیززەت و گەورەشن بەرامبەر کافران و بێباوەڕان، وە لەپێنای خوادا تێدەکۆشن بەحوججەو بە بورهان لەهەموو کاتێك و ساتێکدا، وە بەسەیف و سینانیش بەگوێرەی گونجاندنی مەرجەکانی و بەگوێرەی توانا، وە لەلۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن "، بەڵام کەتۆ لەلۆمەی

خەڵکی ترسایت و گوتت : وەڵا خەڵکی وا دەڵێت و خەڵکی ڕازی نابێت، کەواتە تۆ ناتوانیت دینەکەی خوا سەربخەیت.

هەقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆرە و نوصح بۆ پێغەمبەر (ﷺ) شوێنکەوتنی ڕاستەقینەیە، بۆیە خۆت بپشکنە و بزانە تا چ ڕادەیەك شوێنکەوتەی پێغەمبەریت (ﷺ) ؟ تا چ ڕادەیەك هەواڵەکانیت هەموو قەبوڵە ؟ تا چ ڕادەیەك تۆ سوننەتەکانیت لا گەورەو بەنرخە ؟ نەك بڵێیت دین دوو بەشە : (دین بریتی یە لە ناوك و توێکڵ)، سوننەت توێکڵە جارێك با خۆمانی پێوە مەشغول نەکەین، بزانە بەهۆی دەستگرتنت بەسوننەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) خوای گەورە سەرکەوتوت دەکات و خۆشی دەوێیت و لێت خۆش دەبێت، کە کەسێکیش خوای گەورە خۆشی بوێت و لێی خۆش بێت بێگومان سەرکەوتوی دەکات.

## چوارەم نوصح بریتی یە لە:

## نەصیحەت بۆ پێشەوای موسڵمانان (أئمة المسلمين).

پێشەوای موسولْمانان دوو جۆرن :

یەکەمیان : ئەهلی عیلم (زانایان) : کە پێشەوای موسولْمانانن پێویستە ئینسان نوصحی هەبێت بۆیان و ڕێزیان لێ بگرێت، هەروەها کە ئەگەر هەڵەیەکیشیان کرد پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو بەئەدەب و بەڕێزەوە هەڵەکەیان بۆ ڕاست بکرێتەوەو نەصیحەت بکرێن، نەك لەپێش چاوی خەڵکیش تەشهیریان پێ بکرێت، ئیللا مەگەر کەزانیت کەسێکی عینادەو پێچەوانەی قورئان و سوننەت و بەڵگە دەکات، ئەو کاتە خەڵکی لێ ئاگادار بکەرەوە چونکە ئەوە لەسەر ڕێگای ڕاست نیە، ئەوەی کەباسکرا هەقی عولەما (زانایان).

دووەمیان : پێشەوای موسولْمانان (دەسەڵاتداری موسولْمانان)(١) : بەشی دووەم لە پێشەوایان بریتین لە (حکام) بەڵام دەسەڵاتداری موسولْمان،

---

(١) قال المناوي: (ولأئمة المسلمين) ((الخلفاء ونوابهم بمعاونتهم على الحق وإطاعتهم فيه وأمرهم به وتذكيرهم برفق وإعلامهم بما غفلوا عنه من حق المسلمين وترك الخروج عليهم والدعاء بصلاحهم)) فيض القدير (٤١٥/٢)

والنصيحة لأئمة المسلمين ((بأن ينقاد لطاعتهم في الحق ولا يخرج عليهم إذا جاروا ويذكرهم برفق ولطف ويعلمهم بما غفلوا عنه ولم يبلغهم من حقوق المسلمين ويؤلف قلوب الناس لطاعتهم ومن النصيحة لهم الصلاة خلفهم والجهاد معهم وأداء الصدقات إليهم وأن لا يغرهم بالثناء الكاذب عليهم وأن يدعو لهم بالصلاح هذا كله

دەسەڵاتداری موسوڵمان دەبێت نوصحت هەبێت بۆی، چۆن دەبێت نوصحت هەبێت بۆ پێشەوای موسوڵمانان ؟ نوصحت بەوە دەبێت کە لەکاری چاکەو مەعروفدا لەگوێڕایەڵی دەرنەچیت، ململانێی کورسی و دەسەڵاتی لەگەڵدا نەکەی، کە هەڵەی لێ دەبینی بەئاشکرا نەیخەیتە ڕوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (هەرکەسێك نەصیحەتێکی بۆ خاوەن سوڵتان هەبوو با بەئاشکرا نەیڵێت و بچێت دەستی بگرێت و بچێتە لای و نەصیحەتی بکات (بینه وبینه)، قەبوڵی کرد ئەوە نیعمەتە، ئەگەر قەبوڵی نەکرد ئەوا ئەمانەتی خۆی گەیاند إن شاء ألله، بەڵام (حکام)ی موسوڵمانان یان موسوڵمانە یان موسوڵمان نیە (کافرە)، بێگومان مەنزیلە لەبەینی دوو مەنزیلەدا نیە، وەکو (موعتەزیلە)ەکان بڕوایان وایە، باس لەحقوقی موسوڵمان دەکرێ، دەسەڵاتدارێکیش شاهیدی کوفر بۆخۆی بدات ئێمە ناچین بەزۆر بەرگی ئیسلامی بەبەردا بکەین و نەخێر ئیللا تۆ موسوڵمانیت، نەخێر والله کافریت و (ولا كرامة)، چیش دەکات بابیکات، بەڵام کەسێك کەشاهیدی کوفر لەسەر خۆی نادات، وە بەخۆی دەڵێت موسوڵمان، بەڵام تاوانی هەیە، لادانی هەیە، هەڵەی هەیە، زوڵمی هەیە، کەوتۆتە شیرکیش، واقیعی کوفریش بووە، بەڵام بەخۆی دەڵێت موسوڵمان، مەوقیف لەگەڵ ئەو حاکمەدا چۆنە ؟ مەوقیف

---

على أن المراد بالأئمة الخلفاء وغيرهم ممن يقوم بأمور المسلمين من أصحاب الولاية)) النقول الصريحة شرح حديث الدين النصيحة – (١ / ٦٩)

لەگەڵیدا ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (یستنون بغیر سنتي ویهدون بغیر هديي).(متفق علیه)

واتە " لەدوای من حاكمانێك دێن كە بەو هیدایەتە كار ناكەن كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی هاتووە ئەو هیدایەتەش (ئیسلامە)، وە لەسەر ڕێبازێكن كە جگە لەڕێبازەكەی پێغەمبەری خوا یە (ﷺ)، وە لەوەش خراپتر پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان إنس)، واتە " دڵەكانیان دڵی شەیتانە و بەلاشە ئینسانن "، گێڕەوەی حەدیسەكە دەفەرموێت : (فماذا أصنع إن أدركني ذلك يا رسول الله) ؟ واتە " چیبكەم ئەگەر گەشتمە ئەو سەردەمە؟ " ئەویش فەرمووی (ﷺ): (تسمع وتطع، وإن ضرب ظهرك وأخذ مالك فاسمع وأطع)، واتە " دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەكانی بكەی (بێگومان لە مەعروفدا نەك لەمونكەردا) ئەگەر لەپشتی دای و ماڵەكەشی بردی دەبێت هەر گوێڕایەڵی بكەیت "، كەواتە لێت دەدات و سجنت دەكات و ئیهانەت دەكات و ماڵیشت دەخوات و لەسەر سوننەت و ڕێبازو هیدایەتی پێغەمبەریش نیە (ﷺ)، دڵیشیان دڵی شەیتانە بەڵام بەلاشە ئینسانە، بەڵام لەڕوكەشدا كابرا دەڵێت ئێمە موسوڵمانین، وە هیچ زانایەكیش (ئیقامەی حوجە)ی لەسەر نەكردووەو بۆ خەڵكی بڵاوبكاتەوەو بڵێت خەڵكینە ئاگاداربن (فلانی كوڕی فلان) كافرەو لەدینی ئیسلام چووەتە دەرەوەو ئاینی ئیسلام بەسەریدا جێبەجێ ناكرێت.

لەڕوکەشدا ئیسلامە، لەگەڵ ئەوەدا چۆن مامەڵە دەکەیت ؟ لەگەڵ ئەوەدا وەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی دەبێت ئاوەهای لەگەڵ بکەیت (فاسمع وأطع)، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەحەدیسێکی تردا کە دەفەرموێت : (ثلاث لا يغل عليهن قلب مؤمن إخلاص العمل لله والنصيحة لولاة المسلمين ولزوم جماعتهم) (صحيح سنن إبن ماجة : ٣٠٥٦)، واتە " سێ خەسڵەت هەیە هەر کەسێك تیایدا بێت خەوش (غل) نایگرێت، چین ئەو سێ خەصلەتە ؟

یەکەمیان : (إخلاص العمل لله) هەرکەسێك کردەوەکانی بەتاك و تەنها و خالص بۆ خودابێت.

دووەمیان : (ونصيحة الولاة الأمور المسلمين) نەصیحەتی دەسەڵاتداری موسوڵمانان.

سێهەمیان : (ولزوم جماعتهم) وە لەگەڵ جەماعەتی موسوڵمانان بین، بێگومان (جماعتهم) بەمانای تێکڕای موسوڵمانان دێت، بۆیە هەرکەسێك ئەو سێ سیفەتەی تێدابێت ئەوا دڵی مورتاحەو لەسەر هیدایەت و ئیستیقامەیە، ئەگەر بێت و ئەو حاکمەش کە لەڕوکەشدا موسوڵمانە دڵەکەشی دڵی شەیتان بێت و بیدعەو بگرە شیرك و کوفریشی تێدابێت، چونکە قاعیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتی یە لە : (ليس كل من وقع في الكفر وقع الكفر عليه، ولا كل من وقع في البدعة وقع البدعة عليه)، واتە " هەرکەسێك تووشی کوفر بوو مانای ئەوە نیە کافر بێت، وە

هەرکەسێکیش تووشی بیدعە بوو مانای ئەوە نیە کەسێکی موبتەدیعە تاوەکو مەرجەکانی لەسەر جێبەجێ نەکرێت ". بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو سێ سیفەتەی باسکرد، وە لەحەدیسێکی تردا کە لەو حەدیسە دەچێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ان الله یرضی لكم ثلاثا ویسخط لكم ثلاثا یرضی لكم أن تعبدوه ولا تشركوا به شیئا وأن تعتصموا بحبل الله جمیعا وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم). (صحیح الأدب المفرد) واتە " خوای گەورە لەسێ شت لەئێوە ڕازی یەو سێ شتیشی پێ ناخۆشە، ئەگەر تەماشای ئەو سێ شتە بکەین و بەسێ سیفەتی یەکەم فەرموودە کەباسکرا بیچوێنین دەبینین وەکو یەکن ئەوانیش :

یەکەم : (أن تعبدوه ولا تشركوا به شیئا) لەفەرموودەکەی پێشوودا فەرمووی (إخلاص العمل لله)

دووەم : (وأن تناصحوا مَن ولاه الله أمركم) لەوەی پێشوودا فەرمووی (ونصیحة ولاة الأمور المسلمین)

سێهەم : (أن تعتصموا بحبل الله جمیعا ولا تفرقوا) لەوەی پێشوودا فەرمووی (ولزوم جماعتهم).

کەواتە براکانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەنهەجێکی بۆ داناین کە دەبێت

یەکەمیان لەگەڵ خوا کردەوەکانمان ئیخلاص بێت بۆ خوا، بەپێچەوانەی مونافیقەکان کە لەڕوکەشدا عیبادەت دەکەن و نیەتیان خالص نیە بۆخوا، وە بەپێچەوانەی کەسێکی دین فرۆشیش کە (یبیع دینه بعرض من الدنیا) کەدینەکەی بەشتێکی کەمی دونیا دەفرۆشێت، موسوڵمان دەبێت ئیخلاصی هەبێت بۆخوا نابێت دینی خوا بەهەموو دونیا بفرۆشێت، دەبێت خۆشت لەپێناوی دینی خوادا بفرۆشیت نەك دینەکەی خوا بفرۆشیت.

وە دوەمیان مەنهەجت لەگەڵ سەرکردە دەبێت چی بێت ؟ (وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم) دەبێت ئامۆژگاری ئەو کەسە بکەیت کە ئەمری خەڵکی بەدەستە،

وە سێهەمیشیان لەگەڵ تێکڕای موسوڵمانان دەبێت چۆن بێت ؟ (ولزوم جماعتهم ولا تفرقوا) دەبێت لەگەڵ موسوڵمانان بین و تەفرەقە دروست نەکەین، ئەی ئەگەر بێتو ئێمە ئەو سێ مەرجەمان پێچەوانە کردەوە ؟ لەجیاتی (إخلاص العمل لله) ئێمە (رياء وعدم الإخلاص)مان هەبێت، ئەوا دەبین بەمونافیق پەنا بەخوا، لەجیاتی (نوصح بۆ ولاتی أمور) ئێمە (وأن تنازعوا) ململانێی کورسی و دەسەڵاتی لەگەڵ بکەین ، لەگەڵ حاکمی موسوڵمان ، ئەوە دەبین بەخەواریج، وە سێهەم بڕگەش لەجیاتی (لزوم الجماعة) هەموو کۆمەڵی موسوڵمانان بەیەکەوە بین کە بنچینەو ئەسڵێکە دینی ئیسلام پێی هاتووە، بچین موسوڵمانان پارچە پارچە

بکەین، بێگومان ئەوەش سیفەتی (جولەکەو گاورەکانە) کە دێتە ناومان پەنا بەخوا.

چونکە خوای گەورە فەرمووی : ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾. (ألشورى :١٣).

واتە " ئەو دینەی کە خوای گەورە بۆئێمەی نارد هەر ئەو دینەیە کە وەسیەتی بەپێغەمبەر نوح کرد، ئەوەشە کەوەسیەتی ئیبراهیم و موساو عیسای پێکرد (علیهم الصلاة والسلام)، ئەو وەسیەتە چیە ؟ لەدوو وشەدا کۆ دەبێتەوە (أن أقیموا الدین ولا تتفرقوا).

ئەو دینە چۆن بەرپادەکرێ ؟ ئەو دینە بەتەوحیدو بەسوننەت بەرپا دەکرێت، هەردینێك تەوحیدی تێدا نەبێت دینی ئیسلام نیە، ئەگەر هەموو موسوڵمانانی دونیا کەبەڕوکەش موسوڵمانین، خواش دەزانێت چەندێك لەوانە بەحەقیقی موسوڵمانە، ئەگەر بێتوو هەمویان یەکبگرن لەسەر ئەساس و بنچینەی تەوحید یەکنەگرن ئەوا هیچ نین، وە تەوحیدی خوا تەوحیدی موسوڵمانان دەکات، کەواتە دڵم بەچی یەکگرتنێك خۆش بێت کە لەگەڵ کەسێکی وەهادا بیکەم کە بڵێ : (یارسول الله هاوار) یان بڵێ (یا حەزرەتی غەوس هاوار)، ئەوە چی یەکبونێك و یەکگرتنێك و کۆمەڵبوونێکی ئیسلامە کەمن لەگەڵ کەسێکدا بیکەم کە هاوار

بەغەیری خوا بکات، لەکاتێکدا هاوار کردنە غەیری خوا شیرك و کوفرە، زیاتر لە (٥٠_١٠٠) ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا باس لەوە دەکات کە هاوار کردنە غەیری خوا کوفرە، با تەنها یەك ئایەت یان جوزئێك لەئایەتی قورئان بهێننەوە کە دروستە هاوار بکرێتە غەیری خوا، لەگەڵ ئەوەشدا هاوار دەکرێتە غەیری خوا، دەی دڵم بەوە خۆش نیە کە تۆ لەگەڵ یەکێکی وادا یەکبگری بەهیچ شێوەیەك، دینی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك ئەوەی قبوڵ نیە، تەوحیدی موسوڵمانان لەسەر تەوحیدی خوان، وە کۆبوونەوەیان لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، غەیری ئەوە مومکین نیە، لەسەر هەر ئەساسێك و بناغەیەکی تر یەکبگرین ئیللا فەشەل دێنێت و ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نابێت کەخوا دەیەوێت، براکانم ئێمەی موسوڵمانیش مەنهەجمان لەگەڵ مەنهەجی حیزبێکی عیلمانی بێت یان حیزبێکی شیوعی بێت یان هەر حیزبێکی تر بێت جیاوازە، بۆچی ؟ چونکە هەر حیزبێکی دونیایی کە دروست دەبێت مەبەستی سەرەکی لەدامەزراندنی ئەو حیزبە گەیشتنە بەدەسەڵات و سوڵتە، ئەوە ئامانجیانە یان نا ؟ بەڵێ، وە لەپێناوی گەیشتنیش بەو ئامانجە وەسائیل بەکاردێنن ، بۆنمونە یەکێك لەو وەسیلانە هەڵبژاردنە، خەڵکی زۆر دەنگیان پێ بدات و دەگەنە سەر سوڵتە، بەڵام تۆیەکی موسوڵمان ئامانجی دینەکەت و دەعوەکەت گەیشتنە بەسوڵتەو دەوڵەت دامەزراندن ؟ نا واللە، جارێکی تر نا واللە، ئامانجی من و تۆ ئەوەیە خوا بەتەنها بپەرستین و خوا لێمان ڕازی بێت، جا خوا لێت ڕازی دەبێت دەوڵەتت نەبێت وە خوا لێت ڕازی

دەبێت دەوڵەتت هەبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سیازدە ساڵ لەمەککەدا بوو دەوڵەتی نەبوو، خوا لێی ڕازی نەبوو ؟ بەڵێ لێی ڕازی بوو، ئایا کەم و کورتی یەك لەسەدا یەکیش لەپێغەمبەری خوا هەبوو (ﷺ) یان لەصەحابە بەڕێزەکاندا کە لەمەککە دەوڵەتیان نەبوو ؟ نەخێر کەم و کورتی یان نەبوو، کەواتە تۆ دەتەوێت هەدەفەکەت جێبەجێ بکەیت کە هەدەفی تۆ ڕازی بوونی خوایە، هەدەفی تۆ ئەوەیە خەڵك بانگ بکەیت خوالێیان ڕازی بێت خەڵك بانگ بکەیت بۆ هیدایەت بۆ بەهەشتەکەی خوا بۆ بەختەوەری دونیا، ئەوە هەدەفی تۆیە، ئەوجا ئەو هەدەفەی تۆ وەسیلەکەی جیاوازە لە هەدەفی کابرای تر هەدەفی ئەو گەیشتە بەدەسەڵات، گەیشتن بەدەسەڵات خەڵك زۆر کۆکردنەوەی دەوێت ، خەڵك زۆر کۆکردنەوە تەنازولاتی دەوێت، بەڵام هەدەفی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) ڕازی بوونی خودایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : (عرضت علي الأمم فرأيت النبي ومعه الرهيط والنبي ومعه الرجل والرجلان والنبي وليس معه أحد)(١).

واتە " پێغەمبەری وا دێت کۆمەڵێك خەڵکی لەگەڵدایە، پێغەمبەری وا دێت دوو کەس یان یەك کەس یان هەر بەتەنهایەو هیچ کەسێکی لەگەڵدا نیە ".ئایا ئەو پێغەمبەرە نەیزانی دەعوە بکات ؟ کەمتەرخەمی هەبوو ؟ فەشەلی هێنا ؟

---

(1) (الجمع بين الصحيحين البخاري ومسلم – ٢ / ٤١).

نەگەیشت بەمەبەست ؟ چۆن نەگەیشت بەمەبەست، هەموو ڕۆژێك ئینسانی موسوڵمان گەیشتووە بەمەبەستی خۆی، کەسێك لەسەر سوننەت بڕوا هەموو ساتەکانی ژیانی گەیشتووە بەئاوات، ئەو ساتەیەی ئێستای تۆ چی یە؟ ئەرکی سەرشانی تۆ چیە ؟

١. خوا بەتەنها بپەرستی.
٢. شوێن سوننەتەکەی پێغەمبەر بکەویت (ﷺ).
٣. خەڵکیش بۆ ئەو دوو شتە بانگ بکەیت.

ئەگەر بەگوێرەی توانای خۆت ئەوەت کرد ئەوا سوپاس بۆخوا تۆ لەخێرێکی زۆر گەورەدای، بەڵام دەوڵەت دەبێت یان نابێت، ئەوە بەرهەمێکە نەك مەبەستی ئێمە بێت، خوای گەورە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾ (يونس:٤٦).

واتە " یان ئەوەیە هەندێ لەو بەرهەمانەت پیشان دەدەین کەچی لەکافران دەکەین لەپێش چاوت، یان تۆ دەمریت و نایبینیت ". بەڵام گەیشتووە بەئاوات، چونکە خوای گەورەی بەتەنها پەرست، هەقی خوا کە لەسەری بوو جێبەجێی کرد، کەواتە گەیشتووە بەئاواتی خۆی، ئاواتی من و تۆ جیاوازە لەئاواتی کەسێکی تر کە وەکو موسوڵمانێك بەگوێرەی قورئان و سوننەت بیر ناکاتەوە، ئەی حاڵمان چی لێ دێت کە لاسایی ئەوان بکەینەوە ؟ حاڵمان ئاوەهای لێ دێت کە لەزۆر شتدا دەبێت موخالەفەی دینەکەمان بکەین، وامان لێبێت کە تەوحیدی خوا لە ناو

خەڵکیدا لاواز بێت و گرنگی پێنەدرێت، بۆئەوەی کە خەڵکیت لەگەڵ بێت و ڕازی بێت دەبێت بچیت سەردانی قەبرێکیش بکەیت کە تەوافی بەدەوردا دەکرێت، دەبێت بێدەنگیش بیت، نابێت بڵێیت ئەوە شیرکە، نابێت بڵێیت خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ ﴾، (الحج : ٢٩).ناتوانی، بۆچی ؟ چونکە کە خەڵك زوير بوو زەرەرت کرد سیاسیەن، کەواتە براکەم لەهەدەفدا جیاوازیت، هەر هەدەفەو وەسیلەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەهدافی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) وەسیلەی تایبەتی خۆی هەبووە، با ئێمە شوێن ئەوان بکەوین.

## نوصح بۆ (وەلی ئەمرەکان) چیە ؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ما من عبد يسترعيه الله رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته إلا حرم الله عليه الجنة)،(صحيح الجامع : ٥٧٤٠).

واتە " هیچ عەبدێك نیە کە ئەرکێکی موسوڵمانانی دەکەوێتە ئەستۆو لێپرسراوێتی یەکی پێ دەسپێردرێ جا (مودیر ناحیە بێت، قائمقام و پارێزگار و سەرۆك وەزیران...هتد) بێت هەر مەسئولیەتێکی هەبوو کە نوصحی نەبوو بۆ ژێر

دەستەکانی و غەشی لێکردن ئەوا (**حرم الله عليه الجنة**) خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام و قەدەغە دەکات ".

## لەچیدا نوصحیان بکات ؟

نوصح ئەوە نیە تەنها ولاّتمان ڕزگار بێت، ئەوە داواکاریمانەو پێمان خۆشە کەس زوڵممان لیٚ نەکات، بەلاّم ئەی بۆ عەقیدەمان ڕزگار نەبێت لەشیرك و خورافیەت، لەبیدعەو شتی زیادە، ئەی بۆ دینەکەشمان ئازاد نەبێت ؟ جا هەر سەرکردەو مەسئولێك لەبچووکەوە تاکو گەورە نەصیحەتی ئەو میللەتەی خۆی نەکات کە دەست بەدینی خواوە بگرێت، لەسەر دینی خوا بڕوات، نەصیحەتیان نەکات بەوەی دوور بکەونەوە لەشتی ناشەرعی و بیٚ ئیمانی، وەسیلەی زیاد بوونی ئیمانیان بۆ دابین نەکات، وەسائیلی بەرەلاّیی و بەدڕەوشتی و ئیلحادو نیفاقیان بۆ زیاد بکات والله غەشاشە و خوای گەورە بەهەشتی لیٚ حەرام دەکات، وا دەزانن مەسئولیەت هەروا ئاسانە، أبو ذر (ڕەزای خوای لێبێت) کاتێك فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بێتو مەسئولیەتێکم پیٚ بسپێری، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو : (**يا أبا ذر إنك ضعيف**)، (ئەی ئەبو زەڕ ئەتۆ لاوازی لەئاستی ئەوەدا)، مەرج نیە تۆ ئیمانت بەرزە، هەموو کەس شیاوی ئەو شوێنە نیە، شەرت نیە ئەوەی مەلایەکی باش بوو ئەگەر ببێتە بەڕێوەبەری ناحیەیەکیش کەسێکی لێهاتوو دەبێت،نەخێر لەوانەیە ئەو مەلایە لەئیدارەی ئەو شارە هیچی لیٚ نەزانێت،

ئەگەر بۆماوەی (١٠) ڕۆژ ئەو شارەی بەدەستەوە بێت لەوانەیە ئەو شارە كاول بێت، شەرت نیە دەڵێم هەموو كەسێك كە زانابوو یان ئەهلی دین بوو بۆ بەڕێوەبەری ناحیەیەكیش سودی هەبێت، فەرمووی : (مەسئولیەت چیە، تا مەسئولیت خەڵك لۆمەت دەكات و بەخراپە باست دەكات و لێت ڕازی نیە، كەلێت سەندرایەوە نەدامەت و پەشیمانیت بۆ دەمێنێتەوە).

تەماشای سەدام حوسێن بكە دوای (٣٥) ساڵ هەر لەدونیادا سەرشۆڕ بوو پێش ئاخیرەت، جگە لەو كەسەی كەدادپەروەرە، چونكە مەسئول و پێشەوا كە دادپەروەر بوو ئەوا پلەی بەرزە لای خوای پەروەردگار، یەكەمین كەس لەسێبەری عەرشی پەروەردگاردا لەڕۆژی قیامەت (پێشەوایەكی دادپەروەرە) و جیاوازی لەنێوان هیچ كەسدا ناكات، بەدادپەروەری لەگەڵ ژێر دەستەكانی خۆی مامەڵە دەكات، كەواتە نەصیحەتمان بۆ دەسەڵاتدار چیە ؟ ئەوەیە كە ململانێی دەسەڵات ناكەین بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) هەر حاكمێك موسوڵمان بێت ململانێی دەسەڵاتی لەگەڵدا ناكەین، بەڵكو دوعای خێریشی بۆ دەكەین، ئیمامی (بربهاري) كە لەزانای سەدەی سێهەمە لەشەرحی (سنه)دا دەفەرموێت : (إذا رأيت الرجل يدعوا على سلطان فاعلم أنه صاحب الهوى، وإذا رأيت الرجل يدعوا لسلطان فاعلم أنه صاحب السنة).

واتە " ئەگەر كەسێكت بینی دوعای لە سوڵتان و حاكمی موسوڵمان دەكرد بزانە ئەوە كەسێكی ئارەزوو پەرست و موبتەدیعە، وە ئەگەر كەسێكت بینی دوعای بۆ سوڵتان دەكرد بزانە ئەوە لەسەر سوننەتە ". بۆچی؟ چونكە ئەگەر

دەسەڵاتدار چاك بێت خەڵكیش چاك دەبێت، كەواتە دەبێت دوعا بكەین، یارەبی بۆخاتر ناوە جوانەكانت و سیفاتە بەرزەكانت هەموو دەسەڵاتدارەكانمان وا لێبكەی كە حوكم بەكتێبی خواو سوننەتەكەی پێغەمبەر (ﷺ) بكەن، وە دادپەروەریش بن لەگەڵ خەڵكی، خوایە بەختەوەریان بكەیت و یارمەتییان بدەیت، ئەی ئەو كەسەی كەدوعایان لێ دەكات ؟ ئیمامی (بربهاري) لەمەنهەجی ئەهلی سوننەدا دەڵێت : (بزانە ئەوە كەسێكی خاوەن هەواو ئارەزووە).

نوصح بۆ (وەلی ئەمرەكان) ئەوەیە كەخوای گەورە هیدایەتیان بدات و بەدادپەروەری كارەكانیان ببەن بەڕێوە، نەلێیان لەفێڵێن و نە مونافەسەو مونازەعەشیان دەكەین، نوصحیان دەكەین و ڕازیش نابین بەهەر بڕیارێكی بێ شەرعی كە دەیدەن، (خوایە ئێمە لای تۆ بەریئین لەو بڕیارەو ڕازیش نین و بێباوەڕین بەهەر بڕیارێك كەدژی دینەكەی تۆیە) بەڵام مانای ئەوە نیە كەبڕیارێكی بێ شەرعی درا من بكەومە ململانێكردن لەگەڵی بەچەك و شمشێر بمەوێ پێی ڕاست بكەمەوە، زانایانی ئەهلی سوننە دەفەرموون : (أجمع أهل السنة على أن التغير باليد لسلطان) واتە " گۆڕین بەدەست بۆ سوڵتانە" نەك بۆئێمەی فەقیر بێت، ئێمە بەدەست ناتوانین مونكەر و خراپە بگۆڕین، ئێمە نوصح و ئامۆژگاریمان لەسەرە، قسەی خێر دەكەین و مەبەستمان خێرە بۆ هەموو خەڵك، بۆ دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات خوای گەورە هیدایەتیان بدات و هەمووی بەگوێرەی ڕەزابوونی خوا كاربكات و بژیت.

## کۆتا خاڵ :

**(ولعامتهم)، واتە " نوصحت هەبێت بۆ تێکڕای خەڵکی "**(١).

دەبێت موسوڵمانانت خۆش بوێت و مەبەستت خێربێت بۆیان و دوعای خێریان بۆ بکەیت، ئامۆژگاری خێریان بکەیت، شتێکی بێشەرعیان کرد دژیان بوەستیتەوەو نەهێڵیت ئەنجامی بدەن، وەگرنگترین شتیش دەبێت لەتەوحیدەوە دەستی پێبکەین، سەیری پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) بکەن کە پێغەمبەری خوایە، ئەو ڕاستگۆیە کاتێك لەبەندیخانەدایە دوو کەس دێن خەونەکانیان بۆ دەگێڕنەوە، ئەویش ناڵێت وەرن باپێتان بڵێم ئەو حاکمەی ئێمە کافرەو زاڵمەو ئێمەی گرتووە هەستن با هەوڵ بدەین لەناوی ببەین ئەگەر چوینە دەرەوە، نەخێر، سەرەتا لەتەوحیدەوە دەستی پێ کردو فەرمووی : ﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾، (یوسف : ٣٩).

واتە " ئەی دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەم ئایا کۆمەڵە پەروەردگارێك یان کۆمەڵە پەرستراوێك هەبێت باشترە کە لەیەکتری جیان، یان ئەو خوایەی کە (واحد القهار)ە ". یەکەم شت لەتەوحیدەوە دەستی پێکرد، کە تەوحیدی لەدڵیاندا چاند نە بەتاغوت ڕازی دەبێت، نە بەکوفر ڕازی دەبێت، نەبەشیرك ڕازی دەبێت، نەبە

---

(١) قال المناوي: (وعامتهم) بإرشادهم لما يصلح أخراهم ودنياهم وكف الأذى عنهم وتعليمهم ما جهلوه وستر عورتهم وسد خلتهم وأمرهم بالمعروف)) فيض القدير (٢/٤١٥)

بیدعەو نیفاق ڕازی دەبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سیازدە ساڵ لەمەککە بانگەوازی بۆ تەوحید بوو، ئەی نەهاتن پێشنیازی ئەوەیان کرد بۆی کە ئەگەر تۆ سیادەت و گەورەیت دەوێ دەتکەینە گەورەی هەموان.. چی و چیت پێدەدەین، نەك گەورەیەکی کارتۆنیش، بەڵکو (بەبێ فەرمانی تۆ هیچ بڕیارێك دەرناکەین و کۆتایی پێ ناهێنین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیفەرموو، واللە ئەمە هەلێکی باشە هاتۆتە پێشم با قبوڵی بکەم، دوایی وردە وردە فێری تەوحیدیان دەکەم، فەرمووی نەخێر، نەسەرکردایەتیم لێتان دەوێ و نەپارەو ئافرەت جوانم لێتان دەوێ، تەنها وتی بڵێن (لا إله إلا الله) کە خەڵکی هات بەرەو تەوحیدو یەکخواپەرستی و خوای بەتەنها ناسی، ئەو کات وردە وردە خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە ژیانیانەوە و ژیانیان خۆش و چاك دەبێت.

جا بەڕێزەکانم نەصیحەت ئەرکێکی ئیسلامی یەو لەسەر شانی هەموومان واجبە، جەریری کوڕی عبداللە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : (بەیعەتم بە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەر ئیسلام بۆیە بەمەرجی گرت لەسەرم کە نەصیحەتی موسوڵمانان بکەم). مەرجی بەیعەتەکەی لەدوای موسوڵمان بوون نەصیحەتکردنی موسوڵمانان بوو، کەواتە براگیان ئەوە مەرجە لەسەرمان با ئامۆژگاری یەکتر بکەین، با خێرمان بۆ یەکتر بوێت، هەڵەش لەیەکتردا دەبینین با بۆیەکتری ڕاست بکەینەوە و ئامۆژگاری یەکتری بکەین، با گومانی خراپ بەیەکتری نەبەین و لەگەورەوە تابچووك هیچ کەسێك لەنەصیحەت گەورەتر نیە، نەصیحەت

لەهەمووومان گەورەترە، پێویستە هەمووومان قبوڵی بکەین، وە خوای پەروەردگاریش لەسورەتی (ألعصر)دا دەفەرموێت، ﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)﴾.

بۆیە داواکارم لەخوای پەروەردگار ئەو نەصیحەتەمان لێ وەربگرێت ئاخیرمان خێر بکات و لەگوتنماندا نیەتمان ڕەزامەندی ئەو بێت، وە لەگوێگرتنیشماندا تەنها نیەتمان ڕەزامەندی ئەو بێت.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على الرسول الأمين

وآله وصحبه أجمعين

# پاشکۆی کۆڕەکە

شایەنی باسە لێرەدا بەهۆی ئەوەی هەندێ لە لایەنگرانی حیزبە ئیسلامی یەکان و مەسئولەکان دەستیان کرد بە ژاوە ژاوو هەوڵیاندا کۆڕەکە بشێوێنن و هەندێك لە گەنجەکانیان تەنانەت هەندێ جنێوو وتەی ناشیرینیان ئاراستەی مامۆستاو سەلەفیەت کرد ، بۆیە یەکێك لە کەسایەتیە ناودارەکانیان کە سەر بەیەکێك لە حیزبە ئیسلامی یەکانی گەرمیانەو یەکێکە لە مەسئولەکانی ئەو حیزبە بە پاساوی هێورکردنەوەی هۆڵەکەو هێورکردنەوەی خوێندکارە گەنجە دڵ گەرمەکانیان هاتە سەر شوێنی کۆڕەکەو مایکەکەی گرتە دەست و هەوڵی ئەوەی دا خۆی لەناو خوێندکارەکانی دەربخا کە زیرەك و بەتوانایەو دەستی کردە چەند پرسیارێك و چەند شوبهەیەکی بەناوی زانا بەڕێزەکانی سەلەڤ یەوە خستە ڕوو، کەسێك تەماشای بکردایەو حیزبی یەکانی نەناسیبایە دەیگوت بەڕاستی ئەمانە بۆ هەموو باسێك و کێشەیەك دەگەڕێنەوە بۆزانایان، کەچی نازانن کتێبیان هەیە دژ بەزانایان و وتەی ناشیرینیان ئاراستە دەکەن و تۆمەتی نابەجێیان دەخەنە پاڵ، بۆیە لێرەدا هەموو وتەو پرسیارەکانی ئەو کەسە دەخەینە ڕوو ، ئەوانیش :

**کەسی پرسیارکەر** : لەسەرەتاوە تاوەکو خاڵی چوارەم موافیقی سوننەت بوو !، لەو خاڵەیان تێبینی لەسەرە، ئەگەر من وەرەقەیەك بنوسم ئەسڵەن پێی دەچێت نەخوێندرێتەوە، ئەبێت ئەوەندە کات بدرێت تاوەکو ئەو مەسئەلەیە

ڕونبکرێتەوە، بزانم ئایا ئەم قسانە سەلەفی صالّح (عولەما) وایان وتووە ؟ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾. (النحل : ٤٣).بزانم ئەم قسانە ئەهلی زیکرو وایان وتووە یان نا ؟ یەکێك لەوانە سادەترین نمونە.

ئیمامی عەلی لەتەفسیری ئایەتی ﴿وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ﴾.(النساء : ٥٩)،ئەفەرموێت : (ئەو (أولي الأمر) انە ئەوانەن کە (لم يحكم بما أنزل الله)، ئەگەر (حكم بما أنزل الله، عليكم بالسمع والطاعة) وە ئەگەر (لم يحكم بما أنزل الله، لا سمع ولا طاعة).

ئەوەتانێ لە (المجلد ٦ : رسائل الشيخ محمد عبدالوهاب) دا کاتێك باسی تاغوت دەکات دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ﴾.(النحل :٣٦)، تائێرە باسی کرد، بەڵام ﴿وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ ی باس نەکرد، چونکە (لا إله إلا الله) دوو بەشە (نفي، ومثبت).

شێخ (محمد عبدالوهاب) و شێخ (إبن باز) وە (لیژنەی عولەمای سعودی) : یەکەم خاڵ دەفەرموێت (الحاكم الجائر المغير لأحكام الله)، کێ هەیە وەکو عەلمانی یەکان حوکمی خوای گەورەی گۆڕیبێت ؟

### وەڵامی شوبهەکان :

ئەم وەڵامەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پیّ دەکەم لەلایەن بەڕێز (مامۆستا عبداللطیف)ەوە دراوەتەوە، هەر دوای تەواوبوونی کۆڕەکە شەوەکەی لەماڵی مامۆستایەك دانیشتن و وەڵامێکی پوخت و بەپێزی ئەو شوبهانەی دایەوە، کە ئەگەر تەماشای ئەو پرسیارو شوبهانە بکەین تێکەڵ و پێکەڵی یەکی ڕوون و ئاشکرای پێوە دیارە، چونکە مامۆستا پێش ئەوەی ئەو پرسیار بکات ئەو لەخاڵی چوارەمدا هەمووی بەپوختی خستە ڕوو، بەڵام پێم وابێت ئەو تەنها بەلاشە لەکۆڕەکەدا بووەو ئەسڵەن گوێی لەمامۆستا ڕانەگرتووە تاکو بزانێت جەنابی مامۆستا باسی حاکمی موسوڵمان دەکات یاخود کافر؟ هەروەکو لەسەرەوەو لەخاڵی چوارەم هێڵم بەژێر ئەو وتانەدا هێناوە کە مامۆستا باسی کردووەو کەسی پرسیارکەریش ئاگای لیّ نەبووە، وە وەڵامی مامۆستاش بۆ کەسی پرسیارکەر ئەوەیە کە :

## وەڵامی مامۆستا عبداللطیف :

ئەگەر هەقت پیّ بوایە نەدەبوو فەوزا دروست بکەیت و دەست درێژی و دەم درێژی بکەیت، وە لە هەندێك سنوورو ئاداب دەربچیت کە لە هیچ قانون و یاسایەکی کۆڕو سیمیناردا نیە کەس بۆی نیە لەوانەی دانیشتوون بێنە سەر تەختی کۆڕبەستنەکە بەبیّ پرسکردن لەخۆیەوە قسەبکات، بۆیە شوبهەیەکی

خستە ڕوو کە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، لەوێ مەجالیان نەدا وەڵامی بدەمەوە گێرە شێوێنی یەك دروست بوو، کە مەجالی ئەوە نەدرا بەڵگەی هەقیان بۆ ڕونبکرێتەوەو شوبهەکە بڕەوێتەوە، بەڵام بەپێویستم زانی ئەوە بێدەنگی لەسەر نەکرێ، چونکە چەند چەواشەکارییەکی تێدا بوو :

یەکێك لەوانە قسەیەکی کرد (رجما بالغيب ) وتی لەوە دەچێ ئەگەر بەوەرەقە بینوسین وەڵام نەدرێتەوە، وە ڕێگا نادات قسە بکەین، بۆیە ئێمە هاتووین قسە دەکەین.

هێشتا هیچ پرسیارێك نەخوێندرابوویەوە وە پرسیاری هیچ کەسێکیش پشتگوێ نەخرابوو، وتارەکەی من تەواو بوو چاوەڕێی ئەوە بووم پرسیارەکان بخوێندرێتەوە، هەر کاتێك کە دە یان پانزە پرسیار خوێندرابایەتەوە ئەوەی تۆی لەگەڵ نەبوایە، ئەو کات بۆت هەبوو بڵێیت پرسیاری ئێمە ناخوێننەوە، جارێ ئێمە هیچ پرسیارێکمان نەخوێندبووەوە، لەوتارەکە بوومەوە یەکسەر دەستان کرد بەقاڵە قاڵ و فەوزا دروست کردن، هەرکەسەو لەشوێنی خۆی بەبێ پاراستنی ئەدەبی مەجلیس، کەواتە تۆ لەخۆتەوە گومانی ئەوەت برد کە ڕێگات پێنادرێت قسە بکەیت یان کە پرسیارت ناخوێندرێتەوە، ئەوە گومانی خراپە بەموسوڵمانانی دەبەیت، کەکەسێك ئامادەبێت بەرامبەرتان دابنیشێت ئامادەشە گوێتان لێ بگرێت و وەڵامی شوبهەشتان بداتەوە، بەڵام پەلەتان کرد.

دوای ئەوە وتی ئەم قسانە ئایا عولەماو سەلەفی صالح وایان وتووە ؟ یان نا ؟

ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەواشەکارییەکی ترە، کە بەناوی عولەماو سەلەفی صالح شوبهەکەت بخەیتە ڕوو (سەلەفی صالح لەدۆڵێك و ئەو شوبهانەی ئەوانیش لەدۆڵێکی ترن) وە ئەو مەنهەجەی کەباسمان کرد بەفەزڵی خوا ئەوە مەنهەجی سەلەفی صالحە، وە ئەوەی کەباسمان کرد ئەوە قەولی عولەمایە، چونکە هیچ قسەیەکمان نەکرد من لەخۆمەوە وتبێتم، هەمووی بەبەڵگەی قورئان یان حەدیس یان قەولی عولەمای لەسەر بووە سوپاس بۆخوای پەروەردگار، کە دەڵێیت (فاسألوا أهل الذكر) بەڵێ : (فاسألوا أهل الذكر) (أهل الذكر) بەواتای (ئەهلی عیلمی صەحیح) کە زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەیە.

قەولی ئیمامی عەلی هێنایەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کە لەتەفسیری (وأولي الأمر منكم) وتوویەتی : (أولي الأمر) ئەوانەن کەحوکم دەکەن بە (بما أنزل الله) ئەگەر (لم يحكم بما أنزل الله) بوو ئەوا فلا سمع ولا طاعة).

نەصی قەولەکەی ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لەسەر بێت) ئەوە نیە کەبڵێ (وأولي الأمر منكم) ئەوانەن کە حوکم دەکەن بە (بما أنزل الله)، باسی ئەوە دەکات ئەگەر حوکمیان کرد بە (بما أنزل الله) گوێڕایەڵیان دەکرێت، واتە (لەشەرعدا گوێڕایەڵی حاکم دەکەیت)، ئەوەش خیلافی لەسەر نیە وە لەقسەکانی منیشدا پێچەوانەی ئەوە نەوترا، باسی ئەوەمان نەکرد کە دەبێت تۆ گوێڕایەڵی حاکم

بکەیت ئەگەر فەرمانی بێ شەرعیشت پێبکات، باسی ئەوەم نەکرد تاوەکو تۆ بێیتە سەر تەختی کۆڕبەستنەکەو وا خەڵك چەواشە بکەیت کە من وتوومە گوێڕایەڵی حاکمیش بکەن لەبێ شەرعیدا، ئەوەمان نەوتووە، ئەو قسەیەی کە کرا لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی ئەوەبوو کە ئەگەر حاکم موسوڵمان بێت ئەبێت تاعەتی بکرێت، لەچیدا تاعەتی بکرێت ئەگەر موسوڵمانیش بێت ؟

دەبێت تەنها لەکاری چاکەدا (لەمەعروف)دا گوێڕایەڵی بکرێت، لەشتێکدا کە بێ شەرعی نەبێت کە بێشەرعی بوو ئەوا (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)، کەواتە ئەو قسەیەی کەتۆ لەوێ دەیکەیت (هیچ مەحەلێکی نیە لەئیعرابدا) چونکە من هیچ شتێکم نەوتووە موخالیفی ئەو قەولە بێت، نەم وتووە دەبێت گوێڕایەڵی حاکم بکرێت لەشتی بێشەرعیدا تاوەکو تۆ ئەوە باس بکەیت، ئەوجا (أولوا الأمر) ئەوانەن کە ئەمری ئێمەیان بەدەستە، حوکم بەقورئان و حەدیس بکەن یان نەیکەن لەواقیعدا ئەو (أولوا الأمر)ە، (أولوا الأمر) بەمانای (أصحاب الأمور الدنيا) خاوەنی کاروباری دونیای ئێمەیە، ئەگەر لەبەریتانیا بژیت سەرکردەی بەریتانیا (أولوا الأمر) لەواقیعدا دەڵێم نەك لەشەرعدا ئەو (أولوا الأمر)ی تۆ بێت، بەڵام کاری تۆ بەدەستی ئەوە برام، وەکو (کارەبا، ئاو، موچە، ژیانی ڕۆژانەی دونیایی ئەو وڵاتە)بەدەستی سەرکردەکەیەتی، کەواتە وانەزانین کە تەنها دەبێت سەد دەر سەد حاکم حوکمی بەقورئان و حەدیس کرد ئەوا (أولوا ألامر) ە، ئەگەر نا ئەوا

(أولوا الأمر) نیە، نەخێر هەر (أولوا ألأمر)ە، بەڵام کام (أولوا ألأمر)ەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی گوێڕایەڵی بکە ؟

ئەوەیە کە لەشەرعدا گوێڕایەڵی بکەیت، ئێمەی ئەهلی سوننەو جەماعەت باوەڕمان نیەو ئیعتیقادمان نیە کە لەبێ شەرعیدا تاعەتی هیچ کەسێك بکرێت، کەواتە پێویست ناکات فەلەسەفە لەسەر ئەهلی سوننە لێبدرێت و وادەربېڕێت کە ئەوان دەڵێن با ئێمە گوێڕایەڵی کاربەدەستان بکەین بەهەموو شێوەیەك، ئەوەمان نەگوتووە، هەرکەسێك کەئامادەی کۆڕەکە بووبێت ئەگەر ئینصافی هەبێت چاك دەزانێت قسەکان چی بوو.

دوای ئەوە وای دەربڕی کە ئەگەر حوکم بەقورئان و سوننەت نەکات ئەوا بەهیچ شێوەیەك گوێڕایەڵی ناکرێت، ئەوە هەڵەیە، لەو شتەدا کە بێشەرعی یە نابێت گوێڕایەڵی بکرێت، ئەگەر حاکم موسوڵمان بوو فەرمانێکی بێشەرعی پێکردیت ئەوا لەو خاڵەدا گوێڕایەڵی ناکرێت، بەڵام لەشتە شەرعی یەکاندا پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت.

کەباسی ئەوەش کرا نازانم (شێخ إبن باز و شێخ محمد عبدالوهاب و لجنەی دائیم) ئەوە بەس بۆ چەواشەکردنی خەڵکە کە ئەوان دەگەڕێنەوە بۆلای عولەما، ئەمڕۆ چەواشەکارییەکە ئەوە بوو کە ئەگەر حاکم حوکم بە (بما أنزل الله) نەکات ئەوا دەبێت خروج بکرێت لەسەری، باسی ئەوە ناکات، بەڵگەی چی یە (شیخ إبن

باز) ؟ بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێت : (من رأى من أميره شيئا يكرهه فليصبر عليه فإنه من فارق الجماعة شبرا فميتته جاهلية)،(متفق عليه).

واتە " هەرکەسێك لەئەمیرەکەی دا دەبینێت بێ شەرعی خوا دەکات ئەوا بارقی لەو تاوانەو سەرپێچی یە بێت و گوێڕایەڵی نەکات بەڵام با دەست لەگوێڕایەڵی کردنی نەکێشێتەوەو خروج بکات لەسەری، چونکە لەو شتەدا بێشەرعی کردووە، چونکە هەرکەسێك بێتو لەگوێڕایەڵی وەلی ئەمر دەرچێت کە موسوڵمان بێت و لەجەماعەتی موسوڵمانان دەرچێت کە لەژێر ئەمارەتی حاکمێکی موسوڵمان دان، ئەوا کە بمرێت بەجاهیلی و نەفامی دەمرێت ".

ئەوە بریتی یە لەفەتوای إبن باز (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە دەفەرموێت : (حاکم کە تاوانی کرد یان فەرمانێکی بێشەرعی دەکات لەوەدا تاعەت و گوێڕایەڵی ناکرێت نەك بەموتڵەقی و بەڕەهایی و خروج بکەیت لەحاکم و شۆڕش دژی دروست بکەیت و ململانێی سوڵتەی لەدژ بکەیت). ئەوەش قەولی إبن باز (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بۆئەوەی کەس ئیستدلال بەقەولەکەیەوە نەکات، چونکە إبن باز لەو توندڕەوی و زێدەڕەوی و خەڵك بەکافر دانان و ململانێی سوڵتە ڕازی نیە و بەشەرع و بەسوننەتی نازانێت.

قەولێکی تری هێنایەوە قەولی شێخ محمد کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خودای لێبێت) کە لە (المجموع الرسائل للشیخ محمد بن عبدالوهاب)باسی ئەوە دەکات کە (ألحاکم ألجائر ألمغیر لشرع الله)، ئەمەیان کێ یە؟

ئەوە تاغوتە، چونکە ئەوەی خستە ڕوو کە گوایە من باسی ئەوەم کردووە کە (أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ) بەڵام (وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ)م باس نەکردووە، بەڕاستی ئەوە زوڵمە، چونکە لەوتارەکەدا زۆر بەئاشکرا باسی ئەوە کرا (هەر حاکمێك نەصیحەتی گەلەکەی خۆی نەکات و نەصیحەتی خەڵکەکەی نەکات بۆ دین و وەسائیلی دینداری بڵاونەکاتەوە، ئەوە غەشاشەو خیانەتکارەو دەچێتە جەهەننەمەوە).

حوکمی ئەوەی دا کەمن باسی (إیمان بالله)م کردووە، بەڵام باسی (کفر بالگاغوت)و نەکردووە.

بێگومان ئەوە بوهتانە، وە زۆر درۆ بۆ هەڵبەستنێکی ئاشکراشە، چونکە چەند جار دووبارەم کردەوە کە (بەغەیری شەرعی خواو بەغەیری دینی خوا ئیمانمان نیەو باوەڕمان بەهیچ شتێکی تر نیە، وە غەیری ئەو دینەش هیچ شتێکی تر قبوڵ ناکەین، وە هەر بڕیارێکی تر لەپەڕلەمان یان لەغەیری پەڕلەمان کە موخالەفەی شەرعی خوا بکات ئێمە پێی ڕازی نین) گوترا یان نەگوترا ؟

کەواتە ئەوە بوهتانە چۆن تۆ بوهتانێك دەکەیت کە چەند دەقیقەیەك پێش قسەکەی تۆ باسی ئەوە کرا کە ئێمە باوەڕمان بەغەیری دینی ئیسلام و بەغەیری

شەرعی خوا نیە، وە باوەڕیشمان بەپەرستنی غەیری خوداش نیە، وە مانای تاغوت خەڵکی لەئەهلی سوننەوە فێر بووە، نەك تۆ بێیت فەلسەفەمان بەسەردا بکەیت و تاغوتمان فێر بکەیت کە تاغوت چی یە؟ زانایانی ئەهلی سوننە مانای ڕاستەقینەی تاغوت بۆ خەڵکی باس دەکەن، نەك کەسانێك لەئەهلی سوننە لایان دابێت و ئینحیرافیان کردبێت، لەوتارەکەشدا چەند جار باسی ئەوە کرا کە غەیری ئەوە قبوڵمان نیەو (هەر بڕیارێك بدرێت قبوڵ نیە و هەر حوکمێك غەیری ئیسلام قبوڵ نیە)، تۆش بێیت بڵێیت باسی ﴿أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ﴾ی کرد بەڵام باسی ﴿وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾**ی نەکرد**، ئەوە درۆیە، چونکە قسەکان تۆمارکراوەو دەیسەلمێنێت کە تۆ بوهتانت کرد و دەتەوێ خەڵك چەواشە بکەیت و وە وابزانیت کە ئێمە لەگەڵ تاغوتین و پاڵپشتی تاغوت دەکەین و هاوکاری تاغوتین، هەرکەسێکیش کە چاوی هەبێت و گوێی هەبێت و عەقڵی هەبێت دەزانێت کە ئایا سەلەفی لەگەڵ تاغوتە ؟ سەلەفی لەپەڕلەمان دادەنیشێت ؟ سەلەفی ئەندام پەڕلەمانەو موچەی هەیەو مانگی چەند دەفتەر دۆلار وەردەگرێت یان ئەوان ؟ سەلەفی یە لەگەڵ ئەو سەرکردانەدا دادەنیشێت کە ئەوان خۆیان بەکافریان دەزانن و لەگەڵیان دادەنیشن و پێدەکەنن و سەردانی یەکتری دەکەن ؟.

کەواتە بۆ ڕاستیەکان لەخەڵکی بگۆڕدرێت ؟ بۆ واپیشانی خەڵکی بدرێت کە ئێمەی سەلەفی لەگەڵ تاغوتین، بەڵام خۆیان دوژمنی تاغوتن ؟ واقیعتان هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێوە لەگەڵ کێن ؟ ئەی دوێنێ و پێرێ لەگەڵ

(ڕەحمەت کێشێك)و (حسك)ێکی سۆشیالیست یەکتان نەگرت ؟ دوو حیزبی مردووتان زیندوو نەکردەوە ؟ نەتانهێنانە ناو پەڕلەمان و کورسیتان بۆیان بەدەست نەهێنان بەدەنگی ئیسلامی یەکان ؟ کێ لەگەڵ تاغوتە ؟ دیارە ئەو کەسە لەگەڵ تاغوتە، کێ دیفاع لەشەخص پەرستی و گۆڕپەرستی دەکات ؟ سەردانیان دەکات و بەشان و باڵیاندا دەڵێ و ناوێرێت باسیان بکات، ئەوە تاغوت نیە ؟ بۆ باسی ناکەن ؟

کەواتە ڕاستی یەکان لەخەڵکی نەشێوێنرێت، ئەمجا ئەوەی (شيخ الإسلام) محمدی کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە باسی دەکات (الحاكم الجائر المغير لشرع الله) يبين لقول الله تعالى ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ ﴾، (ألنساء : ٦٠).

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب باسی چی کرد ؟ کە باسی ئەو تاغوتەی کرد کە شەرعی خوا دەگۆڕێت، ئەو ئایەتەی بەبەڵگە هێنایەوە ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ﴾.

با تەفسیری ئەو ئایەتە بخوێنینەوە لەتەفسیری ئەهلی سوننەو بزانین چۆن تەفسیری ئەو ئایەتە دەکەن، ئیمامی إبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت)

لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا بۆمان باس دەکات و دەفەرموێت (هذا إنكار من الله، عز وجل، على من يدعي الإيمان بما أنزل الله على رسوله وعلى الأنبياء الأقدمين، وهو مع ذلك يريد التحاكم في فصل الخصومات إلى غير كتاب الله وسنة رسوله، كما ذكر في سبب نزول هذه الآية: أنها في رجل من الأنصار ورجل من اليهود تخاصما، فجعل اليهودي يقول: بيني وبينك محمد. وذاك يقول: بيني وبينك كعب بن الأشرف. وقيل: في جماعة من المنافقين، ممن أظهروا الإسلام، أرادوا أن يتحاكموا إلى حكام الجاهلية. وقيل غير ذلك، والآية أعم من ذلك كله، فإنها ذامة لمن عدل عن الكتاب والسنة، وتحاكموا إلى ما سواهما من الباطل، وهو المراد بالطاغوت هاهنا؛ ولهذا قال: { يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ ﴿وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلالا بَعِيدًا . وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنزلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا﴾ )(١)، واتە " ئەوە ئینکاری یەکە لەخوای پەروەدگار لەسەر ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ئیمان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێ بۆ حەلکردنی کێشەو گرفتەکانیان حوکم بەغەیری قورئان و سوننەت بکەن ".

ئەوە باسی ئەوە دەکات، ئایەتەکە بۆ مونافیقەکان دابەزی و باسی ئەوان دەکات کە ویستیان حوکم بەجاهیلیەت بکەن، وە ئەو ئایەتە زەمی هەموو ئەو

(1) تفسير ابن كثير - (2 / 346)

کەسانە دەکات کە لەحوکمی قورئان و سوننەت لادەدەن و بۆ حوکمی باتڵ دەڕۆن.

ئەگەر بێتو خۆتان بپشکنن لەزۆر شتدا حوکمتان بەقورئان و سوننەت نیە، کەواتە ئێوەش تاغوتن، ئەی مۆسیقاتان حەڵاڵ نەکرد ؟ ئەی مەسرەحیتان حەڵاڵ نەکرد ؟ ئەی چەند ئاهەنگتان نەگێڕا لەگەڵ حسك و لەگەڵ زەحمەتکێش بەیەکەوەو بەتێکەڵی ژن و پیاو ؟ ئەی ئەوە حوکمی خوایە ؟ ئەی ئەوە حوکم (بما أنزل الله) بوو کردتان ؟ ئەگەر بێتوو باسی ئەوە بکەین کەچیتان کردووە خۆتان تەکفیری خۆتان دەکەن بەس بەقاعیدەی خۆتان، چونکە لەزۆر شتدا حوکم بە (بما أنزل الله) ناکەن.

هەروەها ئیمامی إبن كثير (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەتەفسیری ئایەتەکەدا دوای ئەوە دەفەرموێت :(کە ئەگەر بانگیان کردی بۆ قورئان و بۆ سوننەت، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ حوکم بەتاغوت بکەن، ئەوانە دوور دەکەونەوە لێت)، دوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أُولَـئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً﴾، (ألنساء : ٦٣).

دواتر دەفەرموێت : ((هذا الضرب من الناس هم المنافقون، والله يعلم ما في قلوبهم وسيجزيهم على ذلك، فإنه لا تخفى عليه خافية، فاكتف به يا محمد فيهم، فإن الله عالم بظواهرهم وبواطنهم؛ ولهذا قال له: { فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ } أي: لا تعنفهم على ما في

قلوبهم { وَعِظْهُمْ } أي: وانههم على ما في قلوبهم من النفاق وسرائر الشر { وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنْفُسِهِمْ قَوْلا بَلِيغًا } أي: وانصحهم فيما بينك وبينهم بكلام بليغ رادع لهم)).

واتە: (ئەوانەی کەحوکم بەقورئان و سوننەت ناکەن و بۆ تاغوت دەگەڕێنەوە لەحوکمەکانیاندا ئەو کۆمەڵە (مونافیقن) و خوای گەورەش دەزانێت چی لەدڵیاندایەو سزایان دەدات لەسەر ئەوە، هیچ لەخوای گەورە ون نابێت).

تەماشای چارەسەری قورئان بکەن، قورئان نەیفەرموو ئەو کەسانەی کە نایانەوێت حوکم بەقورئان و سوننەت بکەن و حوکم بەتاغوت دەکەن، دەی بڕۆن هێرشیان بکەنە سەر شۆڕشیان دژ بکەن ململانێیان لەگەڵدا بکەن، نەخێر، فەرمووی : (سوپاسی ئەوە بکە کە خوا دەزانێت چی لەدڵیاندایەو خوا دەزانێت ناوەوەو دەرەوەشیان چی تێدایە، پێویست ناکات تۆ توند بیت ئەی محمد (ﷺ) لەگەڵیاندا لەسەر ئەوەی حوکم بەتاغوت دەکەن، توندی ناوێت، نەك شتەکە ئەوە ناهێنێت، شتەکە ئەوە دەهێنێت، بەڵام چارەسەرت بۆ ئەوە دەبێت چۆن بێت ؟ پشتیان تێبکەو ئامۆژگارییان بکەو نەهییان لێ بکە لەو نیفاقەی کە لەدڵیاندایە، بەڵام چۆن ؟ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً﴾، واتە " ئامۆژگارییان بکە لەبەینی خۆت و ئەواندا، نەك بەئاشکرا لەپێش چاوی خەڵك، بەوتەیەکی زۆر کاریگەر ئامۆژگارییان بکەو پێیان بڵێ ئەوەی کەدەیکەن خەتەرە، ئەگەر بێتوو بەو نیفاقەوە بمرن بۆ جەهەننەم دەڕۆن، نەیفەرموو : بەئاشکرا بڕۆنە سەر مینبەر و بڵێن ئەوانە کافرن و تاغوتن و (حکم بغير ما أنزل الله) دەکەن، ئەوە

تەفسیری قورئان بۆ ئەو ئایەتەی کە شیخ محمدی کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) هێنای ئەوە تەفسیرەکەیەتی، کە یەکەم جار پشتیان تیّ بکە، ئامۆژگارییان بکە بەشێوەیەکی کاریگەر و بەنهێنی لەنێوانی خۆتاندا، ئەوە تەفسیری ئایەتەکەیە.

کە تۆ دەڵێیت بگەڕێنەوە بۆلای (أهل الذكر) بەڵێ ئەوە (أهل الذكر)ە، کە ئیمامی إبن كثيرة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەوە تەفسیری ئەوە بۆ ئایەتەکە، بەڵام ئایا ئێوە بەو شێوەیە تەفسیری دەکەن ؟

خۆ ئێمە ئەمڕۆ وتمان با نەصیحەتی حاکم بکرێت، ئێوە بەلاتانەوە عەقیدەی مورجیئەیەو بەلاتانەوە تەنازولیە، نەخێر، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً﴾، ئەو کەسەش کە دەیەوێت حوکم بەتاغوت بکات، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أُولَـئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً﴾.

ئێمە ناڵێین (حكم بغير ما أنزل الله) ناکەن، بەڵام دەڵێین چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟

بەو شێوەیەی کە خوای فەرموویەتی و سەلەفی صالح جێبەجێیان کردووە ؟

یا بەو شێوەیەی کە خەواریجەکان جێبەجێیان کردووە ؟،

ئێمە دەمانەوێت لەسەر مەنهەجی سەلەفی صالح بڕۆین وە بەو شێوەیە ئایەتەكانی قورئان تەفسیر بكەین كە إبن كپیر و إبن باز و نمونەی وەكو ئەوان تەفسیریان كردووە لەزانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت.

هەروەها شیخ (عبدالرحمن ألسعدي) كە یەكێكە لەموفەسیرەكانی قورئان و پێم وایە ئەوانیش دەزانن كێ یە؟ ئەو چی دەفەرموێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت لەتەفسیری ئەو ئایەتانەدا كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً﴾.

دەفەرموێت : (({ وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنْفُسِهِمْ قَوْلا بَلِيغًا } أي: انصحهم سرا بينك وبينهم، فإنه أنجح لحصول المقصود، وبالغ في زجرهم وقمعهم عمَّا كانوا عليه، وفي هذا دليل على أن مقترف المعاصي وإن أعرض عنه فإنه ينصح سرًا، ويبالغ في وعظه بما يظن حصول المقصود به))[1]. واتە: (ئەوانەی كەحوكم بەتاغوت دەكەن تۆ ئیهمالیان بكەو گوێیان مەدەرێ و پشتگوێیان بخە، حوكمی خوایان بۆ ڕوون بكەرەوە، ئەگەر بێتوو بەو شێوەیە مانەوە ئەو كاتە وەزعیان زۆر خەتەرە، وە هەروەها بەنهێنی ئامۆژگارییان بكەو ئەو كارەتان كە حوكم بەتاغوتە خەتەرەو با لەنێوانی خۆت و ئەواندا بەنهێنی بێت، چونكە ئەوە سودو سەركەوتنی زیاترە بۆ ئەوەی هەدەف بپێكیت، بەڵكو ئەوان پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە).

---

[1] تفسير السعدي – (١ / ١٨٤)

تۆ لەسەر مینبەر بڵێ فڵانە کەس کافرە، بێگومان ئەوە سودی نیەو بەڵکو زەرەری هەیە، زیاتر ئەویش دژایەتیت دەکات و مەنعی ئیسلامەتیت دەکات، ئەوەی کەباسکراو خرایە ڕوو تەفسیری ئەو ئایەتە بوو کە ئیمامی محمدی کوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئیشارەتی پێکردو جەنابتیش قەولی ئەوت کردە بەڵگە، کە تەفسیرە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە زانایانی موفەسیری قورئان فەرموویان، وە لەنەصی ئایەتی قورئاندا هاتووە، کە ئەو نەصیحەتە دەگرێتەوە ئێمە ئەمڕۆ باسمان کرد، نەك ئەو چەواشەکارییەی کە تۆ باستکرد.

## چەواشەکاری و سەرلێشێواوییەکی تر

وە خاڵێکی تریش کە چەواشەکاری تێدابوو باسی ئەوە بوو کە حوکم بە (غير ما أنزل الله)ی هەموو بەیەك شێوە حیساب کرد، هەر حاکمێك حوکم بە (غير ما أنزل الله) بکات ئەوە کافرەو دەبێت خروج بکرێت لەسەری و تەواو گوێڕایەڵی نیە،

جا ئایا ئەو قسەی ئەو ڕاستە ؟

لەسەرەتای قسەکانی دا وتەی ئیبنو قەییمی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەبەڵگە هێنایەوە، ئیمامی ئیبنو قەییم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبی (ألروح)دا چی دەفەرموێت؟ دەفەرموێت : (وأما الحكم المبدل) حوکمێك کە بەتەواوی تەبدیل

کراوە (گۆڕدراوە بەحوکمێکی تر) کە حوکمی خوا نیە، نابێت ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێت وە نابێت کاری پێبکرێت، وە دروستیش نیە شوێنی بکەویت، وە ئەو کەسەش کە حوکم بە (غير ما أنزل الله) دەکات لەنێوان (کوفرو زوڵم و فیسق) دایە، نەیفەرموو : هەمووی کافرە، دەفەرموێت لەنێوان سێ شت دایە.

هەروەها لەکتێبی (الصلاة وحكم تاركها) لە (المجلد ١، ص ٢٦٧)دا دەفەرموێت : (وأما الحكم بغير ما أنزل الله وترك الصلاة فهو من الكفر العملي قطعا)، واتە " حوکم کردن بەجگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووەو وازهێنان لەنوێژەکان ئەوە کوفری عەمەلین بەتەواوی ". نافەرموێت ئەوە کوفری ئیعتیقادیە.

دیسانەوە لەکتێبی (الصلاة وحكم تاركها) لە (المجلد ١، ص ٧٤)دا دەفەرموێت : (حوکم (بغير ما أنزل الله) کوفرێکی عملی یە (کردارەکی) یە نەك ئیعتیقادی (بیروباوەڕی) بێت (وهذا الكفر لايخرجه من الدائرة الإسلامية) وە ئەو جۆرە کوفرەش لەدائیرەی ئیسلامەتی دەری ناکات بەیەکجاری).

کەواتە هەر بەموسوڵمان دەمێنێت یان نا ؟

بەموسوڵمان دەمێنێتەوە بەڵام زاڵمە یان فاسیقە، ئەگەر ئیعتیقادو بیروباوەڕی وانەبێت کە دروستە حوکم (بغير ما أنزل الله) بکرێت.

لەشوێنێکی تردا هەر لەو کتێبەدا دەفەرموێت : (كما لايخرج الزاني والسارق والشارب من الملة)، واتە " هەروەکو چۆن ئەو کەسەی کە زیناکەرەو دزەو مەیخۆرە، هەر بەو شێوەیەش ئەو کەسەی کە حوکم (بغير ما أنزل الله) بکات لەدین دەرناچێت ".

کەواتە بۆ مەسئەلەکە وا لیٚ دەکەن کە ئەوەی حوکمی بەوە نەکرد کە خوای گەورە دایبەزاندووە هەمووی کافرە، کە خۆشتان دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا لەزۆر شت دا حوکم بەوە ناکەن کەوا خوای گەورە دایبەزاندووە، ئەوجا با بزانین ئەو قەولەی ئیبنو قەییم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە فەرمووی، قەولی خۆیەتی بەتەنها ؟

بۆیە ئیبنو قەییم دەفەرموێت : (وهذا التفصيل هو قول الصحابة الذين هم أعلم أمة بكتاب الله وبالإسلام والكفر ولوازمهما)، واتە " ئەو تەفاصیلە قەولی صەحابەیە کە ئەوان شارەزاترین کەسن لەم ئوممەتەدا لەدوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە بەمانای ئیسلام و کوفر".

ئەو تەفصیلە ئەوەیە ئەگەر هاتوو کابرا ئیعتیقادی وابوو حوکمی غەیری خوا باشترە لەحوکمی خوا، وە دروستە حوکم بەغەیری شەرعی خوا بکات و شەرعی خوا وەلا بنێت ئەوا کوفری ئیعتیقادی یە، بەڵام ئەگەر ئیعتیقادیشی وانەبوو بەڵام لەبەر مەصلەحەت و لەبەر بەرژەوەندی دونیایی خۆی یان وەکو تاوانێك و

شەهوەتێك یان لەترسی حکومەتێکی گەورەتر لەخۆی حوکم بەجگە لەقورئان و سوننەت دەکات بۆئەوەی پلەکەی بمێنێت نەك ئیعتیقادی بێت ئەوە کوفرێکی عەمەلی (کرداری)یە، هەروەکو چۆن بەزینا لەدین دەرناچیت بەوەش لەدین دەرناچیت.

هەروەها ئیبنو قەییم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : (فلا تتلقى هذه المسائل إلا عنهم).

واتە " ئەو مەسئەلانە (کە مەسئەلەی حوکم بەوەی کەخوا دایبەزاندووە یان حوکم بەجگە لەوە بەمانای مەسئەلەی کوفرو ئیمان) نابێت لەهیچ کەس وەربگیرێت تەنها لەصەحابە بەڕێزەکان نەبێت "، چونکە صەحابەکان تەفصیلیان پێ دەدا، هەروەها دەفەرموێت : (فإن المتأخرين لم يفهموا مرادهم)، واتە " ئەو کەسانەی کە لەدوای صەحابە هاتوون وەکو (ئەو گەنجەو نمونەی ئەو) لەمەبەستی صەحابەو لەمەبەستی ئەو ئایات و حەدیسانە نەگەیشتوون کەباسی حوکمی (بغير ما أنزل الله) دەکات، دەفەرموێت : (فانقسموا فريقين : فريقا اخرجوا من الملة بالكبائر وقضوا، وفريقا جعلوا مؤمنين كامل الإيمان)، واتە " ئەوانە بوونە دوو کۆمەڵەوە : کۆمەڵێکیان زیادەڕەوییان کرد بەهۆی ئەوەی (حكم بغير ما أنزل الله) کرا لەدین بردیاننە دەرەوە، وە وتیان ئەوانە کافرن و بەهەتا هەتایی لەجەهەننەم دا دەمێننەوە، وە کۆمەڵەکەی تریشیان (وەکو چۆن هەندێك مەلای

مورجیئەی دین فرۆش لەگەڵ ڕێژمدا بۆ مەلای ئایینی باش کە کاتی خۆی چۆن عیززەت دوری و ئەوانە شاهێدیان بۆ سەدام حسێن دەدا) ئەوانەش کە حاکمێك بەجگە لەقورئان و سوننەت کاربکات ئەوا بەئیمانداریکی کامل و تەواوی دادەنێن ."

کاتی خۆی عیززەت بەسەدامی دەوت : (خطأ الشيخ أولى من صواب المريد)، واتە " سەرۆك شەیخی ئێمەیە و ئێمە موریدی ئەوین، هەڵەکەشی لەڕاستەکەی ئێمە باشترو چاکترە ". ئەوانە ئینسانی دوورن لەدینی خوا، لەلایەك توندڕەوو زێدە ڕەوەکان بەهۆی ئەوەوە کافریان کرد، لەلایەکی تریش ئەوەی کە حوکم بەجگە لەوەی کەخوای گەورە دایبەزاندووە دەڵێت ئەوە ئیمانی کامل و تەواوەو هیچ زەرەرێکی نیە بۆدینەکەی، ئەوەش بریتی بوو لەو دوو کۆمەڵەی کە بەهەڵە حاڵی بوون.

جا دەفەرموێت : (خوای گەورە هیدایەتی ئەهلی سوننەی دا بۆ قەولێکی مام ناوەند لەنێوان ئەو زێدەڕەوی و توند ڕەوی یە لەگەڵ ئەو کورت ڕەوی و ئاسانکاری یە، ئەهلی سوننە سوپاس بۆخوا تەفصیلیان هەیە، نەوەکو ئەو گەنجە کە دەڵێت (ئەوەی کە حوکم (بغير ما أنزل الله) بکات ئەوە تاغوتەو نابێت تاعەتی بکرێت بەموتڵەقی)، ئەمە درۆیەو بوهتانە بۆ عەقیدەی ئەهلی سوننە دەکرێت، دینی ئیسلام وا ناڵێت و تەفصیلی تێدایە، ئەوجا ئیبنو قەییم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : (فهو كفر دون الكفر).

سوفیانی کوڕی عویەینە ئەویش لەهیشامی کوڕی حوسامەوە ئەویش لەتاوسەوە لەئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارەی ئەو ئایەتەی کەخوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾، (المائدة : ٤٤).

فەرموویەتی : (ليس هو الكفر الذي يذهبون إليه)، واتە " ئەوە ئەو کوفرە نیە کەئینسان لەدین دەباتە دەر کە حوکمی بەجگە لەوە کرد کەخوای پەروەردگار دایبەزاندووە ".ئەوە قەولی ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) صەحابەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە (حبر الأمه)یە لەهەموو کەسیّ لەقورئان شارەزاتر بووە دوای پێغەمبەر (ﷺ)، لەقەولێکی تریدا دەفەرموێت: (هو كفر فليس من كفر بالله وملائكته وكتبه ورسله)، واتە " ئەوە کوفرە، بەڵام کوفرێکی کردارەکی یە (عملي)یە نەك وەکو ئەوە وابێت کە ئینسان کافربێت بەخواو بەفریشتەکان و بەکتێبە ئاسمانی یەکان و بەنێردراوەکانی خوای گەورە "، هەروەها لەڕێوایەتێکی تردا دەفەرموێت : (كفر لاينقل عن الملة)، ئەوە کوفرە بەڵام لەدین دەرت ناکات، (طاوس) دەفەرموێت : (ليس بكفر ينقل عن الملة)، واتە ئەوە کوفرێك نیە لەدین دەرت بکات، وەکیع لەسوفیانەوە و جریج لەعطائەوە : (كفر دون كفر، وظلم دون ظلم، وفسق دون فسق)، کەواتە ئەوە تەفسیری صەحابەو تابیعین و سەلەفە کە ئیبنو قەییم بۆی گێڕاینەوە کە کوفر دوو جۆرە (أكبر و أصغر)، نەوەکو ئەوەی کە ئێوە هەمووتان کردە ئەوەی کە هەرچی حوکم (بغير ما أنزل الله) بکات کافرەو

نابێت تاعەتی بکرێت و دەبێت ململانێی سوڵتەی لەگەڵدا بکرێت، جا دەفەرموێت : (ئەوە لێکدانەوەی ئیبنو عەباس و گشت صەحابەکانە بۆ (ومن لم يحكم بما أنزل الله) کە (كفر دون كفر) کفرێکی عەمەلی یە، تەنها لەچی کاتێکدا نەبێت ؟ لەکاتێکدا کە ئیعتیقادی وابێت کەدروستە حوکم بەجگە لەوە بکرێت کەخوای گەورە دایبەزاندوە بکرێت و بەجەهلیشی نەبێت و ئیعتیقادیشی وابێت کە غەیری شەرعی خوا لەشەریعەتی خوا باشترە یان وەکو شەریعەتی خوایە)، ئەوە جیاوازە کە مەسئەلەکە بووە عەقیدە، ئەوەش چی دەگرێتەوە ؟ ئەگەر حوکم بەگشت شەریعەتەکەی خوا نەکرێت یان حوکم بەهەندێکی نەکرێت، ئەوا تەفصیلەکەی حوکم (بغير ما أنزل الله) هەردوو کوفرەکەی تێدایە (أكبر و أصغر)، گەورە لەدین دەرت دەکات کە ئیعتیقادت بێت، وە بچوکیش لەدین دەرت ناکات کە تەنها عەمەلی بێت و ئیعیقادی نەبێت.

ئەوە برا بەڕێزەکانم بریتی بوو لەقەولی عولەماو قەولی سەلەف و ئایەت و حەدیس بۆ ئەو چەواشەکارییەی کە ئەو گەنجە بەفێڵ کردی، چونکە ئەو بۆئەوە هات کە خەڵك هێوربکاتەوە، بەڵام دیاربوو بۆئەوەی بوو کەشوبهەیەك بخاتە ڕوو دواتریش ژاوە ژاوێك دروست بکات بۆئەوەی مەجالمان نەبێت وەڵامی بدەینەوە، ئەوە وەڵامەکەیەتی و ئەوە قەولی هەریەکە لە (إبن باز و إبن كثير و إبن القيم و إبن عباس) عامەتی صەحابە ئەوەیە لەو مەسئەلەیەدا کە بەفەزڵی خوای پەروەردگار ئەوەی کردوومانە بەگوێرەی بەڵگە کردوومانە و لەسەر مەنهەجی

سەلەفی صالح کردوومانە، وە ئامادەش بووین دابنیشین وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەینەوە، بەڵام وەکو گوتم کەسێك کە بەڵگەی پیێ نەبێت (فەوزاو فیتنەو ئاژاوە)دروست دەکات بۆئەوەی هەق لەو نێوەندەدا ون بێت، بەڵام دڵنیا بن هەق ون نابێت، مەنهەجی صەحابەو مەنهەجی سەلەفی صالح ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەبێت ڕون بێتەوە بۆخەڵك إن شاء ألله، وە ئەو حەماسەت و عاتیفەیە کەخەڵکی لیێ دەخورێت نابێت بەو جۆرە لیێ بخورێت ئیلا دەبێت و بەڵگە لیێ بخورێت نەك عاتیفەو حەماسەت و چەواشەکاری.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

١. مەرج نیە هەموو حوکم کردنێك بە غەیری ئیسلام کوفری گەورە بێت.

٢. وە مەرجیش نیە کە هەرکەسێ کەوتە ناو کوفرێکی گەورەوە یەکسەر کافر بێت تاوەکو إقامة الحجةی لەسەر نەکرابێت لە لایەن زانایانەوە.

٣. وە مەرجیش نیە کە حاکم کافر بوو یەکسەر شۆرشی دژ بکەیت وخروجی لێ بکەیت تاوەکو توانات نەبێت و بەرژەوەندی زیاتر نەبێت لە زەرەرو زیان.

٤. وە مەرجیش نیە هەرکەسێ حەماسی و حزبی و وتار ئاگرین نەبوو مورجیئەو عەلمانی و بەکرێ گیراو بێت!!

لەم بارەیەوە شێخ (ابن عثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت ماوەیەکی کەم پێش وەفات و کۆچی دوایی فەرمویەتی:

((ففي هذا اليوم الثلاثاء الثاني والعشرين من شهر ربيع الأول عام عشرين وأربعمائه وألف استمعت الى شريط مسجل بأسم أخينا أبي الحسن في مأرب ابتدأه بالسلام علي فأقول وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته

١. وما ذكره من جهة التكفير فهي مسألة كبيرة وعظيمه ولا ينبغي اطلاق القول فيها الا مع طالب علم يفهم ويعرف الكلمات بمعانيها ويعرف عواقب التى تترتب على القول بالتكفير أو عدمه. أما عامة الناس فان أطلاق القول بالتكفير أو عدمه في مثل هذه الامور يحصل مفاسد.

٢. والذي أرى الا يشتغل الشباب بهذه المسأله وهل الحاكم كافر أو غير كافر وهل يجوز الخروج عليه أو لا يجوز ؟

على الشباب أن يهتموا بعبادتهم التي أوجبها الله عليهم أو ندبهم اليها وان يتركوا ماناهم الله عنه كراهة أو تحريما وان يحرصوا على التالف بينهم والاتفاق وان يعلموا ان الخلاف في مسائل الدين والعلم قد جرى في عهد الصحابة رضي الله عنهم ولكنه لم يؤد الى الفرقه وانما القلوب واحدة والمنهج واحد .

٣. أما فيما يتعلق بالحكم بغير ما أنزل الله : فهو كما في الكتاب العزيز ينقسم الى ثلاث اقسام : كفر وظلم وفسق على حسب الاسباب التى بني عليها هذا الحكم .

فاذا كان الرجل يحكم بغير ما أنزل الله تبعا لهواه مع علمه بأن الحق فيما قضى الله به : فهذا لا يكفر لكنه بين فاسق وظالم ...

وأما اذا كان يشرع حكما عاما تمشي عليه الامه يرى أن ذلك من المصلحة وقد لبس عليه فيه: فلا يكفر ايضا لان كثيرا من الحكام عندهم جهل في علم الشريعه ويتصل بهم من لا يعرف الحكم الشرعي وهم يرونه عالما كبيرا فيحصل بذلك مخالفه.

واذا كان يعلم الشرع ولكنه حكم بهذا أو شرع هذا وجعله دستورا يمشي الناس عليه يعتقد أنه ظالم في ذلك وأن الحق فيما جاء به الكتاب والسنه فاننا لا نستطيع ان نكفر هذا.

٤. وانما نكفر من يرى ان الحكم غير الله اولى أن يكون الناس عليه أو مثل حكم الله عز وجل فان هذا كافر لانه مكذب لقول الله تبارك تعالى (( أليس الله بأحكم الحاكمين)) .

٥. ثم هذه المسائل لا يعني اننا اذا كفرنا أحدا يجب الخروج عليه لأن الخروج يترتب عليه مفاسد عظيمة أكبر من السكوت ولا نستطيع الان نضرب أمثالا فيما وقع في الامة العربية وغير العربية.

٦. وانما اذا تحققنا جواز الخروج عليه شرعا فانه لابد من استعداد وقوة تكون مثل قوة الحاكم أو أعظم .

٧. وأما يخرج الناس عليه بالسكاكين والرماح ومعه قنابل والدبابات وما أشبه هذا فان هذا من السفه بلا شك وهو مخالف للشرع... انتهى

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای پەروەردگار وامان لێبکات کە سودمان وەرگرتبێت وە ئاخیرمان خێربکات، وە تەوفیقمان بدات، وە خوای گەورە هیدایەتی ئەو کەسانە بدات کە درۆو بوهتان بۆ موسوڵمان دەکەن، کەسێك بوهتان و درۆ بۆ ئێمە بکات کە عەلمانی بین یان ئێمە یەکێتی بین یان پارتی بین، من پێیان دەڵێم بەو حیزبە ئیسلامییانە :(بەڕەوای نازانم و بەشەرعی نازانم ببمە حزبە ئیسلامیەکەی ئێوەش و بەگوناهی دەزانم، ئەی چۆن بەڕەوای دەزانم ببمە حزبێکی عەلمانی، ئەوەی ئێوەش بەشەرعی نازانم چ جای ئەوی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کە حاکم موسوڵمان بوو مونافەسەو ململانێ و مونازەعەی کورسی لەگەڵ ناکەین، کاری ئێمە بانگ کردنی خەڵکە بۆلای دینی خوا، بانگ کردنی خەڵکە بۆ سوننەتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەعوەکەی دەست پێکرد و هەر هەموو پێغەمبەران دەعوەکەیان دەست پێکرد، دەعوەکەی ئێمەش ئەوەیە سوپاس بۆ خوای گەورە، دەمانەوێ هیدایەتی خەڵکی بدەین لەجەهەننەم ڕزگاریان بێت و خەڵك بۆ بەهەشت بچێت، کاری ئێمە ئەوەیە، کاری ئێمە ئەوە نیە لەسەر شانی خەڵك بۆخۆمان بگەین بەدەسەڵات و کورسی و

خەڵك بەنەفامی بمێنێتەوەو بەجەهالەت بمێنێتەوە، بەشیرك و بیدعە بمێنێتەوە، بەس بۆئەوەی دەنگ بدەن من بگەمە سەر کورسی، سوپاس بۆخوا کاری ئێمە ئەوە نیە، ئێمە نامانەوێ خەڵك بمانناسێ، بەس دەمانەوێ خەڵکی خوا بناسێ و دینەکەی خوا بناسێ، جا داواکارم خوای گەورە هیدایەتمان بدات، وە ئاخیرمان خێربکات وە هەق و ڕاستیش بۆئێمەو بۆ ئەو کەسانەش ڕوون بکاتەوە...

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.....